# بازرگانیو پیشەسازی

http://www.sulcci.com

رۆژنامەیەکی ئابوریيە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 24    2023-5-16



ڕیکلام







کوردستان پڕە لەکانزا « 4

ساڵانە ملیۆنێک گەشتیار دەچنە سەیرانگاکانی هەڵەبجە « 5

سلێمانی ئێستاو سلیمانی جاران! « 14

فیستڤاڵی تام « 16



# ڕێگاکانی هاتوچۆ شارەگی ئابوریو بازرگانین

3 «

## سلێمانی شارێکی ئارام بۆ گەشتیاری

« 8-9

# کۆڕبەندی ئابوری ئیماراتی - عێراقی
# بە بەشداری سەرۆکی ژوور بەڕێوەدەچێت

**بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی بازرگانیو وەبەرهێنان لەنێوان دەوڵەتی عێراقو ئیمارات کۆڕبەندێکی هاوبەش ئەنجامدرا، کە سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانیەکانی دەوڵەتی ئیمارات تیا ئامادە بوو، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقو وەزیری بازرگانی عێراقو سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی تیایدا بەشداربون.**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەمبارەوە رایگەیاند "لەشاری بەغدا بەشداریمان کرد لەکۆڕبەندی بازرگانیو وەبەرهێنانی عێراق ئیماراتی کە ژمارەیەک لەکۆمپانیا ئیماراتیەکان بەسەرۆکایەتی یەکێتی ژوورە بازرگانیەکانی ئیمارات ئامادە بوون، بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقو هەرێمی کوردستان".

راشیگەیاند "لەیەکەم رۆژی کۆڕبەندەکەدا گفتوگۆمان لەگەڵ کۆمەڵێک لەکۆمپانیاکانی ئیمارات کرد بۆ بەهێزکردنی کاری بازرگانیو وەبەرهێنان لەشاری سلێمانیو پشتیوانی کردنیان بۆ هەر کارێک بیانەوێت ئەنجامی بدەن".

ئاماژەی بەوەشدا لەگەڵ کۆمپانیای ئیعماری ئیماراتی کۆبومەوە و داوام لێکردن وەبەرهێنان لە شاری سلێمانی بکەن کە دەتواندرێت هاوکری تەواویان بکرێت و کارئاسانیان بۆ بکەین تا بتوانن کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن ، بەخۆشحاڵەیە بەڵێنیاندا کە جاری داهاتوو بێنە شاری سلێمانی گفتوگۆ بکەن لەسەر کاری وەبەرهێنان چاویان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەوێت و پەیوەندیەکی بەهێز دروستبکەن.



# دیدارو کۆنگرەی گەیاندنو ئەلکترۆنیاتو کەناڵەکانی بیستنو بینینو راگەیاندن بەڕێوەچوو

**لەژێر دروشمی "ئاسمانی عێراقی نوێ دەرفەتێک بۆ داهاتوو"، لەشاری سلێمانی سێهەمین خولی دیدارو کۆنگرەی گەیاندنو ئەلکترۆنیاتو کەناڵەکانی بیستنو بینینو راگەیاندن بەئامادەبونی پارێزگاری سلێمانیو سەرۆکی ئەنجومەنی دەستەی راگەیاندنو پەیوەندیو سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ژمارەیەک بەڕێوەبەری فەرمانگە حکومیەکانو خاوەنکار بەڕێوەچوو.**

لەدیدارەکەدا زیاتر لە ٢٠ کۆمپانیای تایبەت بەپەیوەندیو راگەیاندنو ئەلکترۆنیات بەشداریان تێداکرد بۆ نمایشکردنی نوێترین بەرهەمەکانیان.

هەڤاڵ ئەبوبکر، پارێزگاری سلێمانی لەوتەیەکدا رایگەیاند "شاری سلێمانی یەکێکە لەشارە ئارامەکان، لەچەند ساڵی رابردودا پەیڕەوی سیاسەتی هەمەڕەنگی سەرمایەگوزاریو وەبەرهێنانو بازرگانیو ئابوریمان کردووە، زۆربەی کۆمپانیا گەورە جیهانیەکان لەئەمریکاوە تا چینو هیندستانو روسیاو وڵاتانی ئەوروپا لەپارێزگای سلێمانی وەبەرهێنانی زۆر گەورەیان هەیە کە پێداویستی هەموو بازاڕی عێراق دابین دەکەن".

ئاماژەی بەوەشدا "گەنجینەی ستراتیژمان هەیە لەسەر ئاستی عێراق، کە بەدەستپێشخەری ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی دروستکراونو دەتوانێت لەکۆگاکانیدا بۆ چەندین مانگ هەموو پێداویستیەکانی خەڵک لەپارێزگاکانی هەرێمو عێراق دابین بکات، وەک ئەوەی لەکاتی سەرهەڵدانی کۆرۆنادا بینیمان جوڵەی بازرگانی لەجیهاندا وەستا، بەڵام لێرە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نەک هەر نەوەستام بەڵکو چەندین قات زیادیکردو لەهیچ بوارێکدا گرفت نەبوو".

لای خۆشیەوە سیروان محەمەد سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی راگەیاند "کردنەوەی ئەم جۆرە دیدارانە گرنگی زۆری هەیە بۆ نمایشکردنی تازەترین نوێگەری تەکنیکو تەکنەلۆژیاو بەرهەمهێنانی کاری گەیاندنوراگەیاندنونمایشکردنی بۆ وەبەرهێنەرانو هاوڵاتیان".



# لەژووری بازرگانیو پیشەسازی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەبارەی کێشەکانی کەرتی پەلەوەر ئەنجامدرا

**یاسین رەحیم، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند "ئێمە لەژووری بازرگانیو پیشەسازی ئەرکێکی ئەخلاقیمان هەیە بەرامبەر بەئەندامانمانو ئەو پرۆژانەی لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا کار دەکەن، وەک ناشمانەوێت بارگرانی لەسەر شانی هاوڵاتیان دروست ببێت، داواکاریشین حکومەت رێگەنەدات خاوەنی کێڵگە پەلەوەرییەکان بەهۆی رێگریی لەچوونی مریشک بۆ ناوەراستو خوارووی عێراق، تووشی زیان بن".**

راشیگەیاند "ئێمە چەندین جارە لەبارەی کێشەکانی کەرتی پەلەوەر کۆدەبینەوە، مەبەستمان ئەوەیە بازرگانانو خاوەن پرۆژەکان توشی زیانو مایەپوچبون نەبن، پێویستە ئیدارەی خۆجێی سلێمانیو حکومەتی هەرێم بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن، لە کاتی خستە بازاڕی مریشکەوە رێگری لە ناردنی بۆ باشورو ناوەڕاستی عێراق نەکرێت، داواکارین جەنابی پارێزگاری سلێمانیو بەرێز قائیمقامی سلێمانی بێنە سەر خەتو هەوڵی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بدەن، وەک ناتوانین پاڵپشتی دارایی ئەم بەرێزانە بکەین لەپێدانی سولفەو چاکردنی رێگاوبان، با رێگریشیان لێنەکەین".

جێگری سەرۆکی ژوور جەختی لەوەش کردەوە، "ئێمە بەهیچ شێوەیەک نامەنەوێت نرخی مریشک بەجۆرێک بەرزبێتەوە کە هاوڵاتیان زەرەرمەند بن، بۆیە پێوستە لیژنە هاوبەشەکان نرخی مریشک دیاری بکەن تاکو وەک کوردەواری دەڵێت نە شیش بسوتێت نە کەباب".





## سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی:

# ڕێگاکانی هاتوچۆ شاڕەگی ئابوریو بازرگانین

**ئا: بازرگانیو پیشەسازی**

**سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلیمانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمڕۆ لەجهیاندا یەکێک لەپێوەرەکانی جیاکردنەوەی وڵاتێکی ئاوەدانو پێشکەوتوو لەوڵاتێکی پاشکەوتوو، باشیو خراپی رێگاکانی هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندنە، ئەو دەڵێت "هەرێمی کوردستان هەڵکەوتەیەکی ستراتیجیو گرنگی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە شاڕێی بازرگانی چەندین وڵاتی نزیکو دوور، بەڵام رێگکانی هاتوچۆو ئامرازەکانی گواستنەوەی لەئاستی پێویستدا نین بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە ببینێت".**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلیمانی بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ستراتیجیو گرنگی ئابوری هەیە لەبەرئەوەی خاڵی بەیەک گەیاندنی وڵاتانی سوریاو تورکیاو ئێرانو شارەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقە، ئەم هەڵکەوتەی جوگرافی وایکردووە هەموو ئەو وڵاتانە لەڕووی بازرگانییەوە ببەستێت بەیەکەوە، بەڵام ئەوەی لەئاستی خواستی بازرگانانی هەرێمدا نییە رێگاکانی هاتوچۆیە، ئەو وتی "ئێمە لەهەرێمی کوردستان بەندەرمان نیە تا بتوانین بازرگانی لەرێگەوە ئەنجام بدەین، هێڵی ئاسنینشمان نیە کە بتوانین کاڵاکان بەئاسانی بگوازینەوە، لەجیهاندا ئەو وڵاتانەی کە چواردەوریان وشکانییە سەرنجیان لەسەر رێگاو بانەکانە بۆ ئەوەی بازرگانییان بەرەو پێش بەرن، ئێمە نەمانتوانیوە تۆڕێک لەرێگەوبانی سەردەمیانە بنیاتبنێین کە کوردستان بکاتە چەقی بازرگانی وڵاتانی دەوروبەرو دوورتریش، لەهەمانکاتیشدا، کارگۆکانی هەرێمی کوردستان نرخیان زۆر بەرزە، ئەمەش وای کردوە بازرگانان نەتوان زۆربەی پێداویستیەکانی رۆژانەیان لەو ریگایانەوە بهێنن".

وتیشی "دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر زوو بیری لەوە بکردایەتەوە ئەو رێگایانەی کە پەیوەستە بەوڵاتانی دراوسێوە گرنگی زیاتری پێبدات،بەتایبەتی ئەو رێگایانەی دەچنەوە بۆ تورکیا یان ئێرانو سوریاو سارەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق وەک پێویست نین، دەبوو شەقامی سەربەخۆو تایبەتی دروستبکردایە بۆ بارهەڵگرەکان، بەڵام نەک هەر ئەمە نەکراوە، بەداخەوە هەندێکجار کەمتەرخەمی لەم بوارەدا گەشتوەتە ئاستێک کە گرفتی هاتوچۆ لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان خۆیدا سەریانهەڵداوە، ئەمەش وایکردوە بازرگانان دڵگران بن لەوەی حکومەتو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەم بوون لەو شەقامانەی کە پەیوەندی هەیە بەکەرتی بازرگانیەوە، ئەم بابەتەش زیانی گەورەی لەحکومەتو ئەو بازرگانانە داوە کە لەنێوان وڵاتان کار دەکەن".

سەرۆکی ژوور ئەوە روونەدەکاتەوە کە بازرگانان لەرێگەی رسماتەوە پارەیان داوە بۆ چاککردنی رێگەو بانەکان بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، ئەو وتی "لەسوتەمەنی تەنی ١٠ دۆلار وەرگیراوە، سامانە سروشتیەکان ئەم پارەیەی وەرگرتوە، دەبوایە تەرخان بکرایە بۆ رێگاوبانەکان، کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەرپرسیارن لەنۆژەنکردنەوەی شەقامەکانو دروستکردنی شەقامی نوێ، ئەگەر ئەمە بکرێت هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوریەوە سودێکی گەورە دەبینێت، بەڵام بەداخەوە ئەو پارەیە نەدرا بەوەزارەتی پەیوەندیدارو دروستکردنو نوێژەن کردنەوەی ئەو شەقامانە نەچوونە بواری جێبەجێ کردنەوە".

وتیشی "بابەتێکی دیکە بریتیە لەوەی ئێمە رۆژانە بازرگانانو پیشەسازان بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرهەمی ناوخۆیان هەیەو لەسلێمانییەوە دەینێرن بۆ شارەکانی هەولێرو دهۆک یان لەوێوە دەیهێنن بۆ سلێمانی، بەردەوام سکاڵای ئەوەیان هەیە کە لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان بارەکانیان گومرگ دەکرێتو برێک پارەیان لێدەسەندرێت، ئەمە بووەتە هۆی دروستبونی لێکدابڕان لەنێوان سلێمانیو شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، هەندێکجار بارودۆخی سیاسی یارمەتیدەر نەبووە بۆ رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ جموجۆڵی بازرگانی، ئەمەش وایکردوە بازرگانانو خاوەن کارگەکان زەرەرمەندی یەکەم بن".

سیروان محەمەد باس لەوە دەکات کە هەرێمی کوردستانو دەروازە سنوورییەکانی دەتوانن رۆڵێکی گەورەترو گرنگتر ببینو ببنە رارەوی وشکانی بۆ بەستنەوەی وڵاتانی رۆژهەڵاتو ناوەڕاستی ئاسیا بەوڵاتانی رۆژئاوای ئاسیاو ئەوروپاوە، ئەو وتی "پێویستە حکومەتی هەرێم سەرجەم رێگا وشکانیەکانی نێوان تورکیاو سوریاو ئێران بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان نۆژەن بکاتەوە، کارئاسانی بکات بۆ بازرگانانو بەربەستەکان هەڵبگرێت، لەپارێزگاکانی باشورو ناوەڕاستی عێراق ئەم کێشەیە نیە، ئێمە کە بارێکمان بۆ دێت لەبەسرەوە یان لەبەندەرو دەروازەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەوە، هیچ رێگریەک نیە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر، بەداخەوە رەوشی سیاسی وای کردوە لە هەرێمی کوردستان لە نێوان شارەکانیشدا ئەم کێشەیە دروست ببێت، ئەو کاڵایانەی لەباشورو ناوەڕاستی عێراقەوە دێتە هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە پشکنینی بۆ دەکرێتو گومرگ دەکرێتەوە، ئەمە نیگەرانی بازرگانانی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئەو کاڵایانەی لەهەرێمی کوردستانەوە دەچێت بۆ شارەکانی باشوری عێراق هیچ کێشەیەکی نیە، نەگومرگ دەکرێتەوە نەپشکنینی دووبارە بۆ دەکرێت، پشت دەبەستن بەو پشکنینو پسوڵانەی لە دەروازە سنوریەکانەوە بۆیان کراوە، هەربۆیە وەک لەراگەیاندنەکانەوە گوێمان لێدەبێتو بازرگانانیش ئاگادارن، رۆژ بەرۆژ دەروازە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو پوکانەوە دەڕوات".

سەرۆکی ژوور جەغت لەوە دەکات رێگاکانی هاتوچۆ بەشاڕەگی ئاوەدانیو گەشەی بازرگانیو ژێرخانی ئابوریو پێوەری پێشکەوتن یان پاشکەوتوویی وڵاتان دادەنرێن. لەکوردستاندا رێگاوبانەکان لەو ئاستەدا نین کە کەرتە ئابورییەکان پێویستیانەو بەئاست نزمترین خزمەتگوزاریی کوردستان دادەنرێت، بەهێزکردنی ئەم ژێرخانە لاوازو داخوراوە پێویستی بەپلانو سیاسەتێکی ئابوریی درێژخایەنە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە پردی پەڕینەوەی کاڵاو شمەک لەنێوان وڵاتان، ئەو وتی "ئێستا ئەو بارهەڵگرانەی لەتورکیاوە دێنە هەرێم یان ئەو کاڵایانەی لەباشماخەوە دێن، مەرج نیە هەموو کاڵاکان لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ساغ بکرێنەوە بەشێکی زۆری ئەچێت بۆ تورکیاو ئێرانو سوریا یان ناوەڕاستو باشوری عێراق، لەم ماوەیەدا کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە رێگاکان گیران، بارهەڵگر هەبوو ١٥ رۆژ راگیرا، ئەم بارهەڵگرانە ناتوان لەرێگای کەرکوکەوە بێن لەبەرئەوەی ڤیزەیان نیە، من ئاگادارم چەند بازرگانێک بارێکی هەبووە گواستوێتیەوە بۆ ١٢ ئۆتۆمبیلی کیای بارهەڵگر، کە ئەمەش تێچویەکی زۆری دەبێتو زۆرجار کاڵاکان خراپ دەبن لەکاتی داگرتنو بارکردنەوە، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئاسانە لەبەرئەوەی بازرگان پارەی داوە بەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار تاکو بەزووترین کات شەقامەکان نۆژەن بکرێنەوەو رێکو پێک بکرێن، یاخود بودجەیەک بۆ رێگاکان تەرخان بکرێت".

وتیشی "دەروازەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، باشماخو پەروێزخان زۆربەی باری ترانزێتی لێوە هاتووە، بەتایبەتی دەروازەی باشماخ لەبەرئەوەی کرێی گواستنەوە لەناو ئێران هەرزانە، حکومەتی عێراقی بڕیاری داوە دۆلار بەنرخی فەرمی بشکێنێتەوە بۆ بازرگانەکان ئەو مەنەفێستانەی کە لەبەندەر عەباسەوە دەنێرێت حکومەتی عێراقی گرنگی پێ ناداتو دۆلار ناگۆڕێتەوە بەنرخی فەرمی، لەبەرئەوەی ئێران لەژێر گەمارۆکانی ئەمریکادایە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی بازرگانەکان بچنەوە بۆ شارەکانی خواروی عێراق یان بەندەری عەقەبەو دەروازەی ئیبراهیم خەلیل لەبەرئەوەی زۆر قورسە بازرگان لەبازاڕی رەشدا دۆلار بکرێت بە ١٤٦و ١٤٧ هەزار دینارو ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ دۆلاریش عمولە بدات، ئەمەش بوەتە هۆی دوورکەوتنەوەی بازرگانان لەدەروازەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی".

> ## هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ستراتیجیو گرنگی ئابوریو بازرگانی هەیە لەبەرئەوەی خاڵی بەیەک گەیاندنی وڵاتانی سوریاو تورکیاو ئێرانو شارەکانی باشورو ناوەڕاستی عێراقە، بەڵام ئەوەی لەئاستی خواستی بازرگانانی هەرێمدا نییە رێگاکانی هاتوچۆیە


سیروان محەمەد

سەرۆکی ژوور ئاماژە بەوە دەکات کە بابەتی گۆڕینەوەی دینار بەدۆلار بەنرخی فەرمی بابەتێکی نێودەوڵەتییە، ئەو بازرگانانەی لەبەندەر عەباسەوە لەکۆماری ئیسلامی ئێران بار دەهێنن، نەک هەر دۆلاریان بەنرخی فەرمی پێنادرێت، بەڵکو لەئێستادا هیچ بازرگانێک ناتوانێت بڵێت کاڵام لەبەندەر عەباس هەیە لەبەرئەوەی یەکسەر حساب بانکیەکەی بلۆک ئەکەن، ئەو وتی "ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی بازرگانان بچنەوە دەروازەکانی ناوەڕاستاو باشوری عێراق، ئەوەنەی من ئاگادارم وەکالەتەکانی بابەتە خۆراکیەکان زۆربەیان لەشاری سلێمانین، رۆژانە بارهەڵگرەکان لەبەسرەوە بارەکان دەهێنن لەگەنجینەکان دایئەنێنو جارێکی تر بەرهەمەکان پەخش دەکەنەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق، نەبونی گەنجینەی هەڵگرتنی کاڵاکان لەشارەکانی عێراق وایکردوە کە بازرگانەکە ناچار بێت بارەکەی بهێنێتەوە بۆ گەنجینەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی گەنجینەکانی شاری سلێمانی، لەبەرئەوەی بەستانداردی جیهانی دروستکراوەو پاکوخاوێنەو شیاوە بۆ هەڵگرتنی کاڵاکان، دەیان بازرگانی تر هەن کە کاڵاکانیان لەباشوری عێراق هەڵگرتوە گەنجێنەکانیان شیاو نیە بۆ هەڵگرتنی ئەو کاڵایانەی لەدەرەوەی وڵات دەیهێنن، کۆمپانیا جێهانیەکان قبوڵی ناکەن بەرهەمەکانیان توشی زیانو تێکچون بێت بەهۆی خراپ هەڵگرتنەوە، هەر بازرگانێک پابەند نەبێت وەکالەتەکەی لێدەسەندرێتەوە، بۆیە دەبێت کاڵاکان لەشوێنی شیاو هەڵبگرن، خۆشبەختانە پرۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی باشترین شوێنە بۆ هەڵگرتنی کاڵاکانو زۆربەی جار نوێنەری کومپانیا جیهانیەکان دێن بۆ سەیری کاڵاکان، ئەمەش وایکردوە ئەو بەرهەمانەی لە بەندەری عەقەبەشەوە دێنە عێراق لەگەنجینەکانی سلێمانی هەڵبگیرێت".

سەبارەت بەلیکەوتەکانی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو یەکێتیو رێیکەوتننامەی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندی عێراق سەبارەت بەفرۆشتنی نەوت، سەرۆکی ژوور وتی "ئاشتەوایی نێوان حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان دەبێتە هۆی زیادبونی جوڵەی بازاڕ، ئێمە دڵخۆشین بەگەڕانەوەی بەرێزان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکانی یەکێتی بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئەمەش جوڵەی بازاڕ زیاد دەکاتو شتێکی دڵخۆشکەرە، پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمو حکومەتی ناوەندیش زۆر گرنگە، چونکە گەشەی ئابوری بەبێ ئاشتیو سەقامگیرییو ئارامی بەدینایەت".

## پرۆفیسۆرێکی بواری جیۆلۆجی:

# کوردستان پڕە لەکانزاو کەرەسە خاو کە سەرچاوەی داهاتنو سوودیان لێوەرنەگیراوە



چیاکانی سەرگەڵوو

"لەم کوردستانەدا بینا نییە کە دروست دەکرێت گەچی تێدا بەکارنەهێنرێت، بەڵام یەک کارگەی گەچی گونجاومان نیە، ئەمە زۆر سەرنج ڕاکێشە، کە کوردستانو عێراقیش زۆر پێویستیان پێیەتی

**ئا: ڕێژەن سەردار**

**پرۆفیسۆرێک لەبەشی جیۆلۆجی زانکۆی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان پڕە لەکانزاو کەرەسەی خاوی بەنرخ، بەڵام سوودی لێوەنەگیراوە، ئەو دەڵێت "ئەگەر وەبەرهێنان لەکانزاکان بکرێتو پشتیوانی لەسەرمایەدارانی ناوخۆ بکرێت، زۆربەی گەنجەکانمان هەلی کاریان دەستدەکەوێتو هەرێمی کوردستان زۆر دەبوژێتەوە لەڕووی ئابورییەوە".**

دکتۆر فازڵ ئەحمەد لاوە، پرۆفیسۆر لەبەشی جیۆلۆجی زانکۆی سلێمانی سەبارەت بەگرنگترین ئەو کانزایانەی لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا هەڵکەوتون، بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند زنجیرە چیاکانی زاگرۆس درێژییەکەیان زیاتر لەدوو هەزار کیلۆمەترە، بەڵام ئەو بەشەی دەکەوێتە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٣٠٠ کیلۆمەترە، ئەو وتی "زنجیرە چیاکانی زاگروس لەباکوری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە دەستپێدەکات تاکو کەنداوی عومان درێژ دەبێتەوە، لەو بەشەی دەکەوێتە کوردستان کانزاو کەرەسەی خاوی فلزیمان زۆرە، ناوچەکانی ماوەتو چوارتاو قەڵادزێ بەردی ئاگریو گۆڕاوی زۆریان تێدایە، بەڵام ناوچەکانی تری چیای زاگرۆس بەردی جۆری نیشتوویان تێدایە، بەپێی جۆری بەردەکانو مێژووی جیۆلۆجی ناوچەکە جۆری کانزاکانو کەرەسە خاوەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە میتالییەکان ئەو جۆرەی گۆگردی لەگەڵدایە، وەک مسو قورقوشمو زینک، ئاسن، ئەمانە لەناوچەکانی شلێرو پێنجوێنو ماوەتو قەڵادزێو قەندیل زۆرن، هەروەها بەشێکی تری بەردەکانی زاخۆ کۆبوەتەوە کە جیاوازن لەڕووی تەمەنو پێکهاتەوە".

وتیشی "لەم زنجیرە چیایانەی کوردستاندا کانزا بەشێوەی سروشتی هەیەو بەشێوازی بەردیش هەیە، ئەم کانزاو کەرەسە خاوانە سەرچاوەیەکی سەرەکی سامانی نیشتیمانینو دەکرێ ببنە سەرچاوەی داهاتیش، لەکۆنەوە لەسەردەمی پاشایەتییەوە ئینگلیزەکان کاریان تێدا کردوەو ڕاپۆرتیان لەسەر کانزاکانی کوردستان کردوەو پۆلێنیان کردوە بۆ شەش بلۆکی گەورە، ئەوانەی کە ئێستا هەمانە لەکانزاو کەرەسەی خاو دەتوانرێت پیشەسازی گەورەی لەسەر بنیاتبنرێت، وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، داهاتی وڵاتەکە زیاتر بکات، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسایی وەبەرهێنانی کانزا نیە، ئەوەی هەیەو کاری پێدەکرێت هەر یاسای وەبەرهێنانی کانزای عێراقییە".

ئەم پرۆفیسۆرە جەغت لەوە دەکات کە تاکو ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وەبەرهێنانی لەکانزاکاندا نەکردووە، ئەو وتی "بەداخەوە ئەوەی کراوە کەرتی تایبەتو سەرمایەداری نیشتیمانی کردویانە لەهەندێک شوێن وەبەرهێنانیان کردووە لەکەرەسەی خاودا بەتایبەتی لەکەرەستەی بیناسازیدا کە سەرەکترینیان پیشەسازی چیمەنتۆیە، بەڵام لەکانزاو کەرەسە خاوەکانی تردا وەبەرهێنان نەکراوە. هەرچەندە ئێمە لەپارێزگای سلێمانی گەورەترین وەبەرهێنەری چیمەنتۆین لەسەر ئاستی عێراق، بەڵام لەبواری کەرەستەی خاوەکان وەک گەچو خشتو کاشیو مەرمەڕو مادەی داپۆشەری بیناسازیی کە بوارێکی زۆر گەورەن بۆ وەبەرهێنان، وەک پێویست کارمان نەکردوەو نەمانتوانیوە هەلی کار بۆ گەنجەکانمان وەک پێویست برەخسێنین، بەمەرجێک ئەگەر وەبەرهێنان لەکانزاکان بکرێتو پشتیوانی لەسەرمایەدارانی ناوخۆ بکرێت، زۆربەی گەنجەکانمان لەم بوارانەدا کاریان دەستدەکەوێتو ناوچەکە زۆر دەبوژێتەوە لەڕووی ئابورییەوە، بەڵام بەداخەوە لەو بوارەدا کاری باش نەکراوەو لایەنە پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەمن".

وتیشی "بۆ نمونە لەم کوردستانەدا بینا نییە کە دروست دەکرێت گەچی تێدا بەکارنەهێنرێت، بەڵام یەک کارگەی گەچی گونجاو نیە، ئەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە، کە کوردستانو عێراقیش زۆر پێویستیان پێیەتی، بوارێکی تر دیکۆراتی بیناسازییە وەک سەقفی مەغریبی کە لەکوردستان بەتەواوەتی پشتگوێخراوە".

سەبارەت بەوەی کە هۆکاری ئەم کەموکورتیانە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە خاوەنی تەکنەلۆجیای باشو سەردەمیانە نین، ئەو وتی "ئێمە خاوەنی پلانی باش نین، ئەگەر پلانی باش هەبێت تەکنەلۆژیا بەردەستە، بەداخەوە لەکوردستان وەبەرهێنان لەتوانای مرۆڤەکاندا نەکراوە، دەنا دەیانتوانی وەبەرهێنانی باش بکەن، ژینگەی وەبەرهێنانمان برەخسانایە بەرهەممان زیاتر دەبوو، ئێمە لەکوردستان هەست دەکەین ژینگەی وەبەرهێنانمان گیروگرفتی زۆر تێدایە، ئێمە کاتی خۆی نوسراوێکمان وەک مامۆستایانی زانکۆ بۆ ڕێکخستنی بواری کانزاو بەردەکانی کوردستان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرد، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، سەبارەت بەتەکنەلۆجیا دەبێت بزانین کە ئێستا هەموو جیهان تەکنەلۆژیای چین بەکاردەهێنت، ئێمەش دەتوانین سوودی لێوەربگرین. کارگەی چیمەنتۆکانمان بەنمونە".

وتیشی "بەداخەوە لەئێمە لەساڵانی ١٩٩١و ١٩٩٢ەوە کە کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستانمان دامەزراند، سەردانی بەرپرسان دەکەین بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمن، بەتایبەتی وەزارەتی سامانە سورشتیەکانو فەرمانگەی نەوتو کانزاکان کە پێشتر "رومالی جیلۆجی" بوو، بەڵام لەبری ئەوەی گەشەی پێبدەن لەوەزارەتەوە کرا بەفەرمانگەو بچوک کرایەوە. ئیستا بروانن سەرجەم کارگەکانی بڕینی بەردو بەردی مەرمەڕ داخراون، کە بەراستی ئەمە کارەساتە لەپرۆسەی ئابوریدا، کارگەکانی ناوچەی پیشەسازی زۆربەیان داخراونو ستافەکانیان بێکار بوون، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە حکومەت پشتگیری بەرهەمی ناوخۆ ناکات، بەداخەوە ئێستا یەک کارگەی بەرد بڕین لەکوردستاندا نیە".

ئەم پرۆفیسۆرەی بواری جیلۆجی ئەوە ڕون دەکاتەوە کە لەهەرێمی کوردستان کەرەسەی خاو زۆرە، یەکێک لەوانە بەردی لایمستۆنە، ئەو وتی "ئەم بەردە بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ کاری تیا کراوە، بەڵام بۆ پیشەسازی دەرمانیو کیمیاوی تاکو ئێستا سودمان لێوەرنەگرتووە، هەروەها بەردی نەقارییو بەردی قوڕ تاکو ئێستا ئیشی تێدا نەکراوە، بەردە میتالییەکان لەسنورەکان کەم تا زۆر کاریان تێدا کراوە، بەڵام کارکردنەکە وەک پێویست نیە، جونکە پێویستی بەتەکنیکو تەکنەلۆجیاو ئامێری پێشکەوتووە، باشترین ڕێگا ئەوەیە کۆمپانیا جیهانیەکان لەگەڵ وەبەرهێنەری خۆماندا بەهاوبەشی کار بکەن، ئەمەش پێویستی بەیاسایە. تا ئێستا ڕەشنوسێک هەیە لەپەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەکانزا فلزیو نافلزییەکان، بەڵام تا ئێستا نەبووە بەیاسا، ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان حەوت بواری کانزای ڕاگەیاند ١٤ کۆمپانیا داواکاری پێشکەش کرد، بەڵام تاکو ئێستا وەلامیان نەداونەتەوە، بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە".

وتیشی "بەڕای من گرنترین کار کە لەئێستادا بکرێت ئەوەیە پلانێک دابنرێت لەگەڵ ئەندازیارانو جیۆلۆجیەکانو مامۆستایانی زانکۆ گفتوگۆ بکرێت، لەبارەی ئەو پیشەسازیانەی کە دەکرێت بەکەمترین تێچونو زۆرترین داهاتو هەلی کار بۆ گەنجان لەڕێگەی کانزاو کەرەسە خاوەکانمانەوە برەخسێنرێن بەهاوکاری وەزارەتی سامانە سروشتیەکانو وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەگەڵ دەرکردنی یاسایەک کە لەگەڵ یاساکانی حکومەتی ناوەندی عێراق کێشەمان بۆ دروست نەکات".



## سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجە:

# ساڵانە ملیۆنێک گەشتیار سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە دەکەن

**ئا: ڕێژەن سەردار**

**پێشەوا ئەحمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجە لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "ئێمە دوو دەروازەی سنوریمان هەیە لەپارێزگای هەڵەبجەدا، بەڵام داهاتەکەیان دەچێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان".**

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەکاتی دامەزراندنی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجەوە تا ئێستا، گرنگترین ئەو کارو چالاکیانەتان چین ئەنجامتان داوە؟

**پێشەوا ئەحمەد:** ئامانج لەدامەزراندنی ژووری بازرگانیو پیشەسازی بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٣ بریتیە لەبوژاندنەوەی ئابوری سنوری پارێزگاکە، پارێزگای هەڵەبجە پارێزگایەکی نوێیەو ساڵی ٢٠١٥ بوەتە پارێزگا. ئێمە لەسەرەتاوە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەوە کرد کە پارێزگای هەڵەبجە لەڕووی ئابورییەوە لە چ بوارێکدا بەهێزە، تاکو لەم بوارانەدا کار بکەین بەمەبەستی بوژاندنەوەی ئابوری پارێزگای هەڵەبجە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی پارێزگای هەڵەبجە لەبوارەکانی گەشتوگوزارو کشتوکاڵ دەتوانێت کاری لەسەر بکرێتو هانی وەبەرهێنەران بدرێت پرۆژە لەم بوارانەدا ئەنجام بدەن، بەڵام بەداخەوە دوای دامەزراندنی ژووری بازرگانی هەڵەبجە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبووەوەو قەیرانی دارایی سەریانهەڵدا، لەهەموو جیهان شتەکان ئاڵۆز بوونو جوڵەی بازرگانی خاوبوونەوەیان بەخۆیانەوە بینی، ئێمە ئەو ئامانجەی هەمانبوو نەمانتوانی وەک پێویست بەدیبهێنین، بەڵام بەردەوامین لەهاندانی بازرگانانو وەبەرهێنەران لەبواری کشتوکاڵ پرۆژە ئەنجام بدەن. ئێمە خاوەنی دەشتی شارەزوورین کە یەکێکە لە بەپیترینو فراوانترین ئەو دەشتانەی گونجاون بۆ کشتوکاڵ کردنو چوار وەرزەی ساڵیش پارێزگاکەمان لەبارە بۆ گەشتوگوزار، کە لە گوڵەخانەوە دەستپێدەکات بۆ هەورامانو سازانو ڕوباری سیروان، ئەمانە چەند ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشن کە دەتوانین بۆ گەشتوگوزاریی چوار وەرزە بەکاریبهێنین. ساڵانە ملیۆنێک گەشتیار لەناوەڕاستو باشوری عێراقو پارێزگاکانی تری هەرێمیش سەردانی ناوچە گەشتیارەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە دەکەن، ئێمە پرۆپۆزەڵمان ئامادە کرد تاکو بیدەینە دەستەی وەبەرهێنان بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرانی ناوخۆییو بیانی بێنو بەهاوبەشی لەم بوارانەدا کار بکەن، بەپێی کارنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گرنگیدان بەگۆڕینی کۆمەڵگا لەکۆمەڵگایەکی بەکاربەرەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر، ئێمە دڵخۆش بووین، بەو ئاڕاستەیە کارمان کرد کە کشتوکاڵ ببێتە بەشێک لەسەرچاوەی داهات لەپاڵ نەوتو سامانە سروشتیەکان، خۆشبەختانە توانیمان لەبواری کشتوکاڵدا ١٠ بۆ ١٢ پرۆژەی گاوداریو بەخێوکردنی مەڕو سامانی ماسی دروست بکەین، ئەمە یەکێک بوو لەئامانجەکانمان. بەشێکی تر لەکارەکانمان بریتی بوە لەسازدانی فیستیڤاڵو دروستکردنی شاندی بازرگانی بوو تاکو بازرگانانی هەڵەبجە سەردانی پێشەنگاو کۆنفرانسە جیهانییەکان بکەنو لەنزیکەوە بەتەکنیکو تەکنەلۆژیاو بازرگانانی ئەو وڵاتانە ئاشنا بنو بتوانن کاری هاوبەش ئەنجام بدەن، ئێمە زیاتر لە ٤٢ گەشتمان بۆ بازرگانانی هەڵەبجە ڕێکخستووە، خاوەنی چەندین پرۆتۆکۆلی لێکتێگەیشتنین لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانی ئێرانو تورکیاو بەریتانیاو وڵاتانی ئەوروپا، لەئێستادا شاندێکمان لەوڵاتی کەنەدایە، ئێستا ژمارەی ئەندامانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجە زیاتر لەهەزار کەسە، هەڵەبجە ژمارەی دانیشتوانی سنوردارە، بەڵام دەکرا ئێمە باشتر کارەکان بکەینو خزمەتی زیاتر بکەین کە بەداخەوە بەهۆی قەیرانەکانەوە نەمانتوانی.

**بازرگانیو پیشەسازی:** ڕێگریو ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی کەرتی تایبەت لەپارێزگای هەڵەبجە چین؟

**پێشەوا ئەحمەد:** کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان لەپاشەکشەدایە لەبەرئەوەی ئەوانەی هەڵدەستن بەئەنجامدانی پرۆژەکان وەک بەڵێندەران شایستە داراییەکانیان وەک پێویست پێنادرێت، بەهۆی کێشەی موچەوە بازاڕ خاو بوەتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر وەبەرهێنەران هەبووە، لەم بارۆدۆخەدا وەبەرهێنەران ریسک ناکەنو پرۆژە ئەنجام بدەن. گەشەی ئابوری بەتەواویی نەوەستاوە، بەڵام زۆر خاو بوەتەوە. بابەتێکی تر بریتیە لەڕۆتینی کارگێری، لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە کاتێک وەبەرهێنەرێک ڕوو دەکاتە پارێزگای هەڵەبجە ئەوەندە ڕۆتینات زۆرەو نەشارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کەسەکە ناتوانێت پرۆژەکە ئەنجام بدات، خۆی وا پێویست دەکات ئێمە نەخشەی وەبەرهێنانمان هەبێت، کاتێک کەسێک دەیەوێت پرۆژەیەک ئەنجام بدات، زەویەکەمان ئامادە بێت، بیرۆکەکەمان ئامادە بێت، پرۆپۆزەڵەکەمان ئامادە بێت، بڵێین فەرموو دەست بکە بەکارکردنو تەنها زەمانی بانکی لێوەربگرین، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین، لەبەرئەوەی زەویەکە هی کشتوکاڵە تاکو دەستهەڵگرتنی بۆ دەکاتو شارەوانی پەسەندی دەکاتو شانزە فەرمانگەی پەیوەندیدارو ژینگە ڕەزامەندی دەدەن، پرۆژەکە کەڵکی نامێنێت. ئەمە لەهەموو کوردستان وایە، بەڵام لەهەڵەبجە زۆر زیاترە لەبەرئەوەی لێرە ئەزمونی کار کردن کەمەو لەئاستێکی بەرزدا ئەزمونو شارەزاییان نیە، لێرە خۆپاراستن لەگەندەڵیی، بۆتە بارگرانیو گەندەڵییەکی تر، بۆیە ئەنجامدانی پرۆژەکان خاو بونەتەوە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** گرنگترین پرۆژە ئابورییە گەورەکانی ئێستای پارێزگای هەڵەبجە چین؟

**پێشەوا ئەحمەد:** ئێمە لەدوای دامەزراندنی ژوورەکەمان هانی وەبەرهێنەرانو بازرگانانمان داوە پرۆژە ئەنجام بدەن، خۆشبەختانە لەئێستادا کۆمەڵێک پرۆژەی زۆر باش ئەنجام دراوە، پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە هەیە کە تواناکەی بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن هێلکەیە لەڕۆژێکدا، ئەم پرۆژەیە قۆناغی زۆر باشی بڕیوە. لەئێستادا هۆڵی پەروەردەو بەرهەمهێنانی مریشکی هێلکەمان هەیە، دەیانەوێت کارگەی ئالیکیش دروست بکەن. لەئێستادا سێ پرۆژەی گاوداری زۆر باش هەیە، مانگایان لەهۆڵەنداو ئێرانەوە هێناوە بەرهەمەکەی دەنێرن بۆ سلێمانیو شارەکانی تر. ژمارەیەکی زۆر کێڵگەی پەلەوەریی لەهەڵەبجە هەیە، پرۆژەی بەخێوکردنی جۆرێک لەمەڕی ئەوروپی هەیە کە نەژادێکی زۆر تایبەتە، ئەم پرۆژەیەش گەورەیە. پرۆژەی بەخێوکردنی ماسیش هەیە بەهۆی دەریاچەی سیروانەوە. پرۆژەی بزنی هۆڵەندی هەیە. لەهەڵەبجە کارگەی زەیتی زەیتونو سابون هەیە. ئەمانە هەموو ئەو بوارانە بوون کە ئێمە وەکو ژووری بازرگانی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردنو یاداشتمان دایە دەستەی وەبەرهێنان تاکو بەگوێرەی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ وەبەرهێنان کە باس لەبەخشینەکان کراوە، ئێمە داوامان کرد ئەو وەبەرهێنەرانەی پرۆژەیان لەهەڵەبجە ئەنجامداوە لەبری ئەوەی ١٠ ساڵ لەباج ببەخشرێن، بۆیان بکرێت بە ١٥ ساڵ بەخشین لەباج، ئەوانەشی ٥ ساڵ بەخشراون بۆیان بکرێت بە ٧ ساڵ، ئەمە دەبێتە هاندانێکی زۆر باش بۆ بوژاندنەوەی پارێزگای هەڵەبجە کە قوربانییەکی زۆری داوەو ناوبانگێکی جیهانی هەیە، زیانێکی مادیو ژینگەییو مرۆیی زۆری کردوە، پێویستە حکومەتی هەرێم ئەم بڕیارە دەربکات.



پێشەوا ئەحمەد

"داوامان کرد ئەو وەبەرهێنەرانەی پرۆژەیان لەهەڵەبجە ئەنجامداوە لەبری ئەوەی ١٠ ساڵ لەباج ببەخشرێن، بۆیان بکرێت بە ١٥ ساڵ، تا ببێتە هاندانێکی زۆر باش بۆ بوژاندنەوەی پارێزگای هەڵەبجە

**بازرگانیو پیشەسازی:** تا چەند هەوڵتان داوە لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە دەروازەی نێودەوڵەتی بکرێتەوە؟

**پێشەوا ئەحمەد:** ئێمە دوو دەروازەی سنوریمان هەیە، یەکێکیان بریتیە لەتەوێڵە کە لەئێران پێیدەڵێن شۆشمێ، ئەویتریان دەروازەی پشتەیە کە لەئێران پێدەوترێت شێخ ساڵە، ئەم دوو دەروازەیە نیمچە فەرمین، تەنها بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانییە، گەشتیار ناتوانێت هاتوچۆی لێوە بکات. لەبەرئەوەی تەوێڵە کە شوێنێکی گەشتیارییەو ڕێگاکانی زۆر یارمەتیدەر نین بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی داهاتەکەشی دەچێتە پارێزگای سلێمانی، بەداخەوە مەرزی پشتەش لەبەرئەوەی زۆر دوورە شەقامێکی ڕاستەوخۆ نیە، دەبێت لەدەربەندیخانەوە بۆی بچیت واتە بچیتەوە سنوری پارێزگای سلێمانی ئینجا بچیتە پشتەو داهاتەکەی دەچێت بۆ ئیدارەی گەرمیان. واتا ئێمە دوو دەروازەی نیمچە فەرمیمان هەیە، بەڵام داهاتەکەی سوودی نەبووە بۆ هەڵەبجە. ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجە پێشنیازی کردنەوەی مەرزی سازانمان کردوە کە ئەمە بەناوەڕاستی هەڵەبجەدا دەڕوات، هەڵەبجە دەکاتە ڕێڕەوێکی بازرگانی، دووری مەرزی سازان بۆ کرماشان دەبێتە ٢ کاتژمێرو ٤٠ خولەک، بەکردنەوەی دەروازەکە جوڵەی بازرگانی زۆر بەش دروست دەبێت، شاندی ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەڵەبجە سەردانی بەغداو سەرۆک کۆمارو دەستەی دەروازە سنوریەکانی عێراقمان کردوەو قۆناغێکی زۆر باشمان بڕیوە لەقۆناغەکانی کۆتایی ڕەزامەندین.

**بازرگانیو پیشەسازی:** داواکارییو پێشنیازتان چیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو کەرتی تایبەت؟

**پێشەوا ئەحمەد:** پێویستە لەم وڵاتەدا کەرتی گشتیو کەرتی تایبەت هاوتەریبی یەکتر بن، یەکتری تەواو بکەن، لەقەیرانەکاندا بازرگان ڕۆڵێکی زۆرباشیان هەبووە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات بۆ دروستکردنی کەرتێکی تایبەتی سروشتی نەک کەرتی تایبەتێک کە بەپشتگیری گەشە بکات، ئێمە دەمانەوێت بازاڕی هەرێمی کوردستان ڕێکخراو بێت، کێبڕکێیەکی ئازادو یاسایی تێدا بێت، مافی بەرهەمێنو بەکاربەر پارێزراو بێت تیایدا، بازاڕێک بێت کە هەموومان هەوڵ بدەین بەرهەمەکانی بەکوالێتیەکی بەرز تێدا بێتو بەنرخێکی گونجاو کاڵاکان بگاتە دەست هاوڵاتیانو زۆر گرنگە حکومەت کەمترین دەستوەردان لەبازاڕەکان بکات، بازاڕ بەجێبهێڵێ بۆ کێبڕکێو بازاڕ خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی. تایبەت بەهەڵەبجەش ئێمە داواکارین ئەو فەرمانی لێخۆشبوونە لەدەستەی وەبەرهێنان دەربچێت، داوا دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرنجی زیاتر بێت لەسەر هەڵەبجەو لێرە کاری زیاتر بکات، هەڵەبجە لەبوارەکانی گەشتیارییو کشتوکاڵ دەتوانێت پێشبکەوێت، پێویستە ڕۆتین لەهەڵەبجە نەمێنێتو کەسانی شارەزاو بەئەزمون لەهەڵەبجەدا دابنرێن لەفەرمانگەکان، داواکاریشین کار بکرێت بۆ کردنەوەی مەرزی سازان.

# گەرمیان: ئەمساڵ ڕێژەی بەخێوکردنی ئاژەڵ لەزیادبووندایە

ئا: ڕێژەن سەردار

**لێپرسراوی بەشی سامانی ئاژەڵ لەبەڕێوبەرایەتی كشتوكاڵی گەرمیان ئاماژە بەوە دەكات كە هەرچەندە ئامارێكی ورد ئەنجام نەدراوە سەبارەت بەژمارەی مەڕو ماڵات لەسنوری گەرمیان، بەڵام بەگریمانەیی نزیكەی ٦٠٠ هەزار سەر مەڕو بزن، ١٠ هەزارو ٥٠٠ ڕەشەوڵاخو نزیكەی ٢ هەزار گامێش هەیە.**

بەختیار ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی سامانی ئاژەڵ لەبەڕێوبەرایەتی كشتوكاڵی گەرمیان بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند لەسنوری ئیدارەی گەرمیان دوو ساڵ لەسەر یەك وشكەساڵی بوو، ئەمە كاریگەری نەرێنی لەسەر كەرتی كشتوكاڵ بەگشتیو كەرتی ئاژەڵداری بەتایبەتی هەبووە، لەبەرئەوەی ئاژەڵدارانی گەرمیان زیاتر پشت بەلەوەڕگای سروشتی دەبەستن، بەهۆی وشكەساڵیەوە دوو ساڵە دەناڵێنن بەدەست نەبونی لەوەڕگای سروشتیەوە، ئەو وتی "ئێمە چەندین نوسراومان كرد بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی تاكو حكومەت بێتە سەر هێڵو هاوكاری ئاژەڵداران بكات لەسایەی ئەم وسكە ساڵییەدا، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی هیچ بۆ ئاژەڵداران بكەین، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی ئاژەڵ لەسنوری گەرمیان كەم بێتەوە، ئاژەڵداران ناچار بوون ژمارەی ئاژەڵەكانیان كەم بكەنەوە، بەشێكیان نیوەی ئاژەڵەكانیان فرۆشتو پارەكەیان دا بەئالیك تاكو نیوەكەی تر بەخێو بكەن، بەشێك لەئاژەڵدارانیش لەدوو ساڵی ڕابردوودا هەموو ئاژەڵەكانیان فرۆشتو وازیان لەئاژەڵداری هێنا، بەڵام خۆشبەختانە ئەمساڵ بارانی باش باریوەو گژو گیا زۆرە، كەشوهەوا لەبارە، ئەمساڵ ڕێژەی بەخێوكردنی ئاژەڵ لەزیادبوندایە".

لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتیشەوە، بەختیار وتی "ئێستا بەشێوەیەكی گشتی لەسەر ئاستی جیهان نرخی گۆشت بەرزبۆتەوە، هاوكات نرخی ئالیكیش لەعێراق زۆر بەرزبۆتەوە، گۆڕانكاری نرخی دۆلاریش كێشەیەكی ترە، پێشتر تەنێك جۆ بە ٣٦٠ هەزار دینار بوو، پار گەیشتە ٨٠٠ هەزار دینارو ئێستا هاتۆتە سەر ٦٠٠ هەزار دینار".

وتیشی "ئێمە دوو جۆرە ئاژەڵداریمان هەیە لەگەرمیان، بەشێك لەئاژەڵداران پشت بەلەوەڕگای سروشتی دەبەستن، بەڵام ئەو ئاژەڵدارانەی كە ئاژەڵ دابەستە دەكەن، مەڕو بزن بەگەنمو جۆ دابەستە دەكەن، بۆ ئاژەڵی گەورەش كاو جۆی دەدەنێ، نرخی ئالیكیش زۆر بەرزە، هەموو ئەمانە وایانكردووە كە نرخی گۆشت بەرز بێتەوە. لەڕاستیشدا ئێمە پێمان خۆشە نرخی گۆشتی سوور گران بێت بۆ ماوەیەكی كاتی، تاكو هاندەر بێت وەبەرهێنەرو سەرمایەدارو هاوڵاتیان بیر لەبەخێوكردنی ئاژەڵو پڕۆژەی گاوداری بكەنەوەو بایەخی پێبدەن تا دواتر نرخ خۆی دادەبەزێت".

> ژمارەی ئاژەل لەگەرمیان دەگاتە ٦٠٠ هەزار سەر مەڕو بزن، نزیكەی ١٠ هەزارو ٥٠٠ ڕەشە وڵاخو نزیكەی ٢ هەزار گامێشیش هەیە

لەڕووی ئابوورییەوە ئەم بوارە بەگرنگترین بواری كشتوكاڵ دادەنرێتو ئابوری كشتوكاڵی بەڕێژەی ٦٠-٦٥٪ لەم كەرتە سەرچاوە دەگرێتو دەكرێتە ببێتە هەوێنی پێشخستنی ئابوریو داهاتی وڵات.

بەپێی ئامارەكانی دەستەی ئامار، هەرێمی كوردستان خاوەنی چوار ملیۆنو ٨٩ هەزارو ١٣٩ سەر ئاژەڵی جۆراوجۆرە، خاوەنی شەش ملیۆنو ٩٣٦ هەزارو ٧٧٠ دۆنم پاوانی سروشتی، ١٩ هەزارو ٢٢٩ دۆنم پاوانی دەستكرد، خاوەنی ١٨٣ كێڵگەی بەخێوكردنی مەڕو ماڵاتو ڕەشەوڵاخ، ٢٥ كارگەی بەرهەمهێنانی ئالیك، ١٠٨ بنكەی تەندروستی ئاژەڵو ٥٨ هەزارو ٨٤ ئاژەڵدارە.

لەبارەی ژمارەی ئاژەڵ لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، ، لێپرسراوی بەشی سامانی ئاژەڵ لەبەڕێوبەرایەتی كشتوكاڵی گەرمیان وتی "هیچ ئامارێكی فەرمی نیە بەداخەوە وەزارەتی كشتوكاڵ گرنگی بەم بابەتە نەداوە، ئێمە چەندین جار نوسراومان كردووەو داوامان كردوە ئامارێكی ورد ئەنجام بدرێت سەبارەت بەژمارەی ئاژەڵ لەم سنورەدا، بەڵام بەداخەوە بێ وەڵام بووە، بەگریمانەی ئێمە ژمارەی ئاژەل لەگەرمیان دەگاتە ٦٠٠ هەزار سەر مەڕو بزن، نزیكەی ١٠ هەزارو ٥٠٠ ڕەشە وڵاخو نزیكەی ٢ هەزار گامێشیش هەیە".

بەختیار ئاماژە بەوە دەكات كە لەسنوری گەرمیان چەندین پڕۆژەی گەورەو گرنگی پەیوەست بەئاژەڵداریو شیرەمەنی هەن، كە باشترینیان كارگەی شیرەمەنی مرواریيە لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، كە پڕۆژەیەكی ستراتیژیو گەورەیە لەسەر ئاستی كوردستانو عێراق، پڕۆژەكە كارگەیەو گاوداری مانگای شیرییە، ئەو وتی "ئاستەنگی بەردەم كەرتی ئاژەڵداری لەگەرمیان زیاتر سلێمانیو هەولێرە كە بەلاشاو ئاژەڵ هاوردە دەكەن، ئەمە گەورەترین كێشەیە، چونكە جوتیاری خۆمان كێبڕكێی وڵاتانی پێناكرێت، لای ئێمە گوندنشین ئاژەڵداری دەكات، چاوەڕێی لەوەڕگای سروشتییە، تاكو ئێستا كەرتی تایبەت وەك پێویست نەیتوانیوە پڕۆژەی گەورە ئەنجامبدات، ئەمەس گرفتێكی ترە".

وتیشی "ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە هاوكاری ئاژەڵداران بكرێت لەهەموو ڕویەكەوە، سولفە بدرێت بەئاژەڵدارانو كەرتی تایبەتیش گرنگی زیاتر بەم بوارە بداتو زەمینەسازی بۆ بكرێت".



ئێمە دوو جۆرە ئاژەڵداریمان هەیە لەگەرمیان



# دابەزینو بەرزبوونەوەی دۆلار نرخی بازاڕی ناسەقامگیر كردووە



هەر كاتێك نرخی دۆلار نزم دەبێتەوە ئەوا بەدڵنیایەوە شتومەك هەرزان دەبێتو بەپێچەوانەشەوە

ئا: زریان محەمەد

**ماوەی چەند مانگێكە بازاڕەكانی كوردستانو عێراق كەوتونەتە ژێر كاریگەریی دابەزینو بەرزبوونەوەی نرخی دۆلارەوە، كە لەیاریكردنێكی بەردەوامدایە، بازرگانێكی خۆراك دەڵێت "بەهۆی ناسەقامگیری نرخی دۆلار لەبازاڕەكاندا بەردەوام نرخی پێداویستیەكانی هاوڵاتیان گۆڕانكاری بەسەردا دێت".**

لەچەند هەفتەی ڕابردودا پاش ئەوەی نرخی ١٠٠ دۆلار گەیشتە نزیكەی ١٧٠ هەزار دینارو پاشان هاتەوە سەر ١٤٠ هەزار دینار، ئەم دابەزینەی نرخی دۆلار لەبەرامبەر دیناری عێراقی كاریگەری لەسەر بازاڕ هەبوو، نرخی بەشێك لەكاڵاكانو خۆراك دابەزینو بازرگانانیش بۆ زیاتر دابەزینی نرخی خۆراك داوا دەكەن سودمەند بن لە گۆڕینەوەی دینار بەنرخی بانكی ناوەندی عێراق.

خاوەنی كۆمپانیای دۆلفین، دارا محەمەد بەڕۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی ڕاگەیاند ئەو خۆراكو پێداویستیانەی ئەوان هاوردەی دەكەن بۆ كوردستان بەدۆلار مامەڵەیان لەگەڵ دەكەنو دەیكڕینو لەكوردستانو عێراق كاتێك دەچێتە بازاڕەكانەوە بەدینار مامەڵەی پێوە دەكرێتو كاتێك ئەو دینارە دەكرێتەوە بەدۆلار هەندێكجار نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوەوەئەمەش كاریگەری لەسەر بازاڕ دروست دەكات وەك لەماوەی ڕابردودا بەرزبونەوەی بەهای دۆلاری ئەمریكی ناجێگیرییو خاو بوونەوەی فرۆشی دروست كردو خاوەن ماركێتو دوكانو بازاڕەكان پارەی كۆمپانیاكانیان نەدەگەڕاندەوە بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی دۆلار، بەڵام پاش ئەوەی كە نرخی دۆلار بەرەو هەرزانی هات بازاڕ باشتر جوڵەی بۆگەڕایەوە بەهۆی ركەبەری كۆمپانیاكانەوە نرخەكان دادەبەزینو هاوڵاتیان سوودی لێ وەردەگرن.

دارا محەمەد وتی "بازرگانەكانی شاری سلێمانی زۆر بەكەمی سوودیان لەو گۆڕینەوەی دینار بەرامبەر بەدۆلارە كردووە كە لەبانكی ناوەندی عێراقی دیاریكراوە بۆ هەر ١٠٠ دۆلارێك بڕی ١٣٢ هەزار دینار بێت، ئەگەر ئەم گۆڕینەوەیە خێراتر بكرێت ئەوا نرخ زیاتر هەرزان دەبێت، كاتێك بڕە پارەیەك لەبانك دادەنێین تا بكرێت بەدۆلار دەبێت زیاتر لەمانگێك چاوەڕێ بكەین تا دۆلارەكەمان بۆ خەرج دەكرێت، ئەمەش كاری ئێمە خاو دەكاتەوە، بەڵام بەشێك لەكۆمپانیا توركیەكان دۆلاری زۆرتریان بۆ خەرج دەكرێتو بەنرخی بانكی ناوەندی پێیان دەدرێت".

خاوەنی كۆمپانیای دۆلفین سی داواا دەكات "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی هەستێت بەتۆماركردنی ناوی ئەو كۆمپانیا گەورانەی كە لەشاری سلێمانی بەردەوام كاڵاو خۆراك هاوردە دەكەنو پێویستیان بەحەواڵە كردنە بەپێی مەنەفێستی مانگانەیان داوا لەبانكی ناوەندی بكەن كە دۆلاریان پێبدرێت بەو نرخەی دیارییان كردووەو بەخێرایی پارەی كۆمپانیاكان حەواڵە بكرێت نەك بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ دوا بكەوێت".

بەشێكی گرنگی بازاڕی شاری سلێمانی ئەو خاوەن دوكانو كۆگایانەن پێیان دەوترێت كۆفرۆش، كە كار لەگەڵ كۆمپانیا گەورەكانی هاوردە كردنی خۆراك دەكەن، ئەوان ئاماژە بەناسەقامگیرییو جۆرێك لەنادڵنیایی دەكەن لەبازاڕدا بەهۆی دابەزینو بەرزبوونەوەی نرخی دۆلارەوە بەرامبەر بەدینار.

كەیوان عەلی، كۆفرۆش لەبازاڕی سلێمانی بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وت "هەر كاتێك نرخی دۆلار نزم دەبێتەوە ئەوا بەدڵنیایەوە شتومەك هەرزان دەبێتو بەپێچەوانەشەوە، بەڵام لەئێستادا هێشتا بازاڕ دڵنیابونی بەخۆیەوە نەدیوە بەهۆی ناجێگیری نرخی دۆلار كە ڕۆژانە گۆڕانكاریی بەسەر نرخەكەیدا دێت، بەڵام ئەوەی سەلماوە تا نرخی دۆلار دابەزێت بازاڕ جوڵەی باشتر بەخۆیەوە دەبینێت".

وتیشی "بەهۆی ناجێگیری نرخی دۆلار بەشێك لەكۆمپانیاكان مامەڵە كردنیان لەگەڵ كۆفرۆشانو خاوەن دوكانو ماركێتەكان كردووە بەدینار، ئەمەش بەجێگیر كردنی نرخێكی دۆلار لەسەر كاڵاكانیانو شكاندنەوەی بەدیناری عێراقی بۆیە بەدیناری عێراقی دەیفرۆشن".

زۆربەی بازرگانانی خۆراكو كاڵا جەغت لەوە دەكەن كە باشترین هەنگاو بۆ سەقامگیر كردنی بازاڕو دڵنیایی بەخشین بەهاوڵاتیان، گۆڕینەوەی دینارە بەدۆلار بەو نرخەی بانكی ناوەندی عێراق دیاریكردووە بۆ بازرگانانی كوردستان.

جوتیار حەسەن، خاوەنی كۆمپانیای "شەمیم گوڵبەهار" بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕونیكردەوە كە "گۆڕینەوەی دینار بەدۆلار بەنرخی بانكی ناوەندی عێراق بۆ بازرگانانی كوردستان كاریگەریی زۆری دەبێت لەڕوی نرخو جوڵە خستنە بازاڕەوەو هاوڵاتیانیش دەتوانن بەهەرزانتر خۆراكو پێداویستیو كاڵاكان بكڕن، هەرچەندە بەشێك لەبازرگانان توانیویانە سوودمەند بن لەڕێگەی بانكەوە، بەڵام زۆر كات حەواڵەكان درەنگ دەكەونو دوادەكەون، لەكاتێكدا بازرگانان پارەكە لەفرۆشیاران وەردەگرنەوە بەنرخی ١٣٢ هەزار دینار بۆ هەر ١٠٠ دۆلارێك".

جوتیار ئاماژە بەوە دەكات كە بەهۆی ناسەقامگیری نرخی دۆلار لەبازاڕەكاندا بەردەوام نرخی پێداویستیەكانی هاوڵاتیان گۆڕانكاری بەسەردا دێت، ئەو وتی "پێشبینی دەكەین لەمانگەكانی داهاتودا نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار ئاسایی بێتەوەو بازرگانان بتوانن بەباشتر مامەڵەكانیان لەگەڵ كۆمپانیاكانی هاوردە كردن ئەنجامبدەن، چونكە پێشتر حكومەتی ناوەندی نرخی دۆلاری بە ١٤٨ هەزار دانا بوو، ئێستا پلانی بانكی ناوەندی گۆڕاوە دۆلار جێگیر دەكات بە ١٣٢ هەزارو لەئێستادا لەبازاڕدا نرخی دۆلار لەسەرووی ١٤٠ هەزار دینارەوەیە، بازرگانان خۆیان دۆلار دەكڕنو حەواڵەی دەكەن، لەكاتیكدا پێویستە حكومەت كارئاسانی زیاتر بكات لەبانكەكانەوە بۆ حەواڵەكردنو باجیان لەسەر كەم بكاتەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەكاركردن، نەك واز بهێنن لەهاوردە كردن".

> بازرگانەكانی شاری سلێمانی زۆر بەكەمی سوودیان لەو گۆڕینەوەی دینار بەرامبەر بەدۆلارە كردووە كە لەبانكی ناوەندی عێراقی دیاریكراوە بۆ هەر ١٠٠ دۆلارێك بڕی ١٣٢ هەزار دینار بێت

# لەسنوری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ١٧٠٠ بنکەی گەشتوگوزار هەیە



ئا: زریان محەمەد

**کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکانی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت لەسنوری پارێزگای سلێمانی بەپێی ئەو ئامارەی کۆیانکردۆتەوە ١٧١٥ بنکەی گەشتیاری هەیە کە ١١ هەزار خێزان کاری تێدا دەکەن، لەمساڵدا ٣٠٠ شوێن زیادی کردووە.**

**سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانەو** چێشتخانەکانی سلێمانی، مەحمود تۆفیق عەزیز بەڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" ڕاگەیاند کۆمەلەکەیان لەدوای کۆتایی هاتنی پەتای کۆرۆنا هەڵساون بەتۆمارکردنی ئامارێکی تەواو لەشاری سلێمانیو دەوروبەری، بەپێی ئامارەکە ١٥٥٠ بنکەی گەشتیاری بوونی هەبووەو خۆی دەبینێتەوە لەمۆتێلو ڕێستۆرانتو کافێو خواردنو هۆتێلو ئەو شوێنانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانین، هەروەها بەشێکی دیکە لە شوێنە گەستیارییەکان کە ژمارەیان ٦٧٠ بنکەی گەشتیارییە، واتا میوانخانە یان چێشتخانەو کەبابخانەو خواردنی کوردەوارینو مۆڵەتیان لەتەندروستیو قایمقامیەت پێدەدرێت کە ئەمانە پێیاندەوترێت میوانخانەو چێشتخانەو خواردنگەی میللی کە خاوەنی ئەستێرە نین، ئەو وتی "لەدوای پەتای کۆرۆناوە تا ساڵی ڕابردوو ٧٦ بنکە داخراون لەهەموو جۆرەکان کە زۆربەیان شوێنی کارەکانیان کرێ بووەو خاوەن کارەکە نەیتوانیوە کرێ بداتو لەسەدا ٦٠ی شوێنە گەشتیارییەکان کرێچین، کرێکانیان لەپێنج ملیۆن دینارەوە دەست پێدەکات هەتا سەرو حەوت هەزار دۆلار، زۆری باجیش هۆکارێکی تر بووە کە تا ئێستا دەستیان بەکارکردن نەکردۆتەوە".

وتیشی "لەمساڵدا بەجۆرێک کردنەوەی شوێنی گەشتیاری لەبەرزبونەوەدایە کە تا کۆتایی مانگی نیسان ١٧١٥ بنکەی گەشتیاری هەیەو زیاتر لە ٣٠٠ شوێن زیادیان کردووە، ئەو شوێنانەش زۆربەیان کافتریاو کەبابخانەو ئوتێلی میلی لەخۆدەگرنو ١١ هەزار خێزان کاری تیا دەکەنو سوودمەندن لێی".

سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکانی سلێمانی ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە لەساڵی ڕابردودا لەبۆنەکاندا هاتنی میوان بۆ سلێمانی باش بووە، بەڵام نەورۆزی ئەمساڵ وەک پێویست نەبووە، ئەو وتی "کۆمەڵەکەمان توانی لەساڵی ڕابردوو دیداری نێرگز ئەنجامبدات کە ٤٠٠ میوان لەخواروی عێراقەوە بەشداربون، بەشیکیان خاوەنی ئوتێلو میوانخانەو ڕێستۆرانتو بنکەی گەشتیاریو کۆمپانیای گەشتوگوزار بوون، کە توانرا ٧٦ گرێبەستی کارکردن ئەنجامبدرێت لەبواری گەشتیاریداو گروپی گەشتیار دەهێنن بۆ شاری سلێمانیو دەوروبەریو بەپێچەوانەشەوە تائێستا ئەم کارە بەباشی ئەنجام دەدرێت".

وتیشی "هاتنی گروپی گەشتیاریی سوودی تەنها بۆ میوانخانەو هۆتێلو مۆتێلەکان نیە، بەڵکو تەواوی بازارەکان سودمەند دەبن، چونکە گەشتیاران بۆکڕینی شتومەک دەچنە ناو بازاڕەکانو مۆڵەکانو جوڵەیەکی باشی بازرگانی دروست دەکاتو دەرفەتی کارکردن زیاتر دەکات، واش دەکات خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان دڵخۆش بن بەکارەکانیان، ساڵانە مۆڵەتی کارکردن تازەبکەنەوە، بەمەش حکومەت سوودمەند دەبێت لەوەرگرتی باجو ڕسوماتی تازەکردنەوەی مۆڵەتەکانیان".

لەبارەی هەوڵدان بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم ڕێستۆرانتو میوانخانەو چێشتخانەکان، سەرۆکی کۆمەڵەکە وتی "بەداخەوە هیچ هەوڵێکی پێویست نەدراوە بەتایبەت کارەبا کە لەساڵی ٢٠١٤وە یەک یەکەی کارەبا بە ٥٧ دینار بوو، بەڵام ئێستا بووە بە ١٥٧ دینارە لەکاتێکدا ڕێژەی هانی گەشتیار زۆر کەمی کردووەو بەرەو کەمبونەوەی زیاتر دەڕوات، لەکاتێکدا مۆتێل هەیە شوێنەکەی داخستووەو ٥٠ ملیۆن قەرزدارە، حکومەت هاوکارییان ناکات بەقیستی درێژخایەن لێی وەرگرێتەوەو خاوەن کارەکەش بەردەوامی بەکارەکەی بداتو کێشەش بۆ خاوەن موڵکو کرێچێکە دروست بووە".

لەبارەی خواستو داواکاری کۆمەڵەکەیانەوە وتی "بەڕاپۆرتو یاداشتو پێشنیار ئاڕاستەی حکومەتی خۆجێی بەرزکراوەتەوە بۆ دەستەی گەشتوگوزارو هەتا گەشتوەتە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا وەک پێویست کاری بۆنەکراوە، کە داواکراوە وەک وڵاتانی دراوسێو دەرەوە هەلی بۆ دەڕەخسێنن باجیان لەسەر کەم دەکەنەوە، ڕۆتیناتیان لەسەر کەم بکەنوە، چونکە لەکوردستان گەر بتەوێت مۆڵەتێک دەربکەیت پڕکردنەوەی فۆڕمێک ڕەوانەی نۆ فەرمانگە دەکرێتو هەمووی دەبێت کەشفی بۆ بکاتو شارەوانی پارەی هەڵواسینی تابلۆ وەردەگرێت، پارەی خۆڵ وەردەگرێت نازانم لەم وڵاتە چۆن سەیری کەرتی گەشتوگوزار دەکرێت کە هەموو کەرتێک سودمەندە تیایدا؟! بۆیە داوا دەکەین حکومەت هەلی کار بڕەخسێنێت هاوکارمان بێت لەدەرەوەی هەرێمو عێراق گەشتیار بهێنین تا بیانناسێنین بەشوێنە گەشتیاریەکان، نابێت تەنها پشت بەگەشتیاری خواروی عێراق ببەستین، دەبێت هەوڵی تەواو بدەین گەشتیاری وڵاتانی دیکە بهێنین، لەکاتێکدا کۆمپانیاکانمان توانای ئەوەیان هەیە بەمەرجێک هاوکاریان بکرێتو کارئاسانیان بۆ بکرێت".

## "ڕۆتینی ئیداریی کەرتی گەشتیاری ئیفلیج کردووە"

**لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرتی گەشتیاریی جەغت لەوە دەکەن کە دۆخی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ بەرەو باشتر دەچێت، بەڵام لەپێشخستنی کەرتی گەشتیاریدا سستییەک هەیە، ئەویش پەیوەندی بەدامودەزگاکانی حکومەتەوە هەیە کە هۆکارەکەی "ڕۆتینی ئیدارییە".**

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی لەچەندین بۆنەدا ڕایگەیاندوە کە "حکومەت نەیتوانیوە کارئاسانیو هاوکاریی کەرتی گەشتیاری بکاتو وەبەرهێنانی گەشتیاری بکات، چونکە ڕۆتینی ئیداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەرتی گەشتیارییو وەبەرهێنانی گەشتیاریی ئیفلیج کردووە".

بەوتەی ناوبراو "بۆ ئەوەی کەرتی گەشتیاری پێشبخەینو هانی هاتنی گەشتیاری زیاتر بدەین بۆ هەرێمی کوردستان، دەبێت ئاسانکاریی باش بۆ وەبەرهێنانی گەشتوگوزار بکرێت، چونکە زیادکردنی باجەکان زۆر کاریگەری هەیە لەپاشەکشەی کەرتی گەشتیاریو لەساڵانی ڕابردوودا لەسلێمانی چەند شوێنێکی گەشتیاری بەهۆی زیادبوونی باج لەسەریان داخراون."

لەبارەی ئامارەکانی هاتنی گەشتیار بۆ سلێمانی، دەڵێت "ساڵی ڕابردوو بۆ ئاهەنگی سەری ساڵی ٢٠٢٢ تەنیا ٣٠ هەزار گەشتیار سەردانی شارەکەیان کردبوو، بەڵام بۆ سەری ساڵی ٢٠٢٣، زیاتر لە ٤٠ هەزار گەشتیار هاتبوونە سلێمانی کە بە پلەی یەکەم گەشتیارانی ناوەڕاستو باشوری عێراقو بەپلەی دووەم گەشتیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون".

دەشڵێت "داهاتی گەشتیاری لەساڵی ڕابردوودا ١٦٪ زیادیکردووە بە بەراورد بەساڵی ٢٠٢١و تەنیا لەساڵی ٢٠٢٢دا یەک ملیۆنو ١٠٠ هەزار گەشتیاری زیاتر بووە لە ٢٠٢١".

ئەمە لەکاتێکدایە کە کەرتی گەشتیاری سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتەو دەتوانرێت وەک یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکان پشتی پێببەسترێت لەهەرێمی کوردستان ئەگەر پەرەی پێبدرێت.



# شاری گەشتیاریی دوکان گەورەترین پڕۆژەی گەشتیاریی



**بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بۆ ساڵی ٢٠٢٣، دانانی بەردی بناخەی " شاری گەشتیاریی دوکان"ە، کە پڕۆژەیەکی گەشتیاریی گەورەیەو قەزای دوکان دەکاتە ناوەندێکی گەشتیاریی گرنگ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانو عێراق.**

بەپێی ئەو ماستەرپلانەی لەلایەن گروپی کۆمپانیاکانی فاروقەوە ئامادەکراوە، ئەم پڕۆژەیە سەدان ڤێللاو باڵاخانەی نیشتەجێبوونو گەشتیاریو هەموو دامودەزگایەکی پێویستی شارێکی سەرنجڕاکێش کە بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ شارە سەوزو سەرنجڕاکێشەکانی ناوچەکە بکات.

ئەم شارە گەشتیارییە جگە لەدروستکردنی ٣ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونو شوقە و ڤێللا بۆ نیشتەجێبوون، لەباخچەی ساوایانەوە تاوەکو کۆلێژو زانکۆی تێدا دروستدەکرێت. شاخەکانی بەتەلەفریک دەبەسترێتەوە بەیەکەوە. لەدووکانەوە تاوەکو میوانخانەی ئاشوور تەلەفریک ڕادەکێشرێتو لەوێوە بۆ سەر شاخی سارا".

شارە گەشتیارییەکە، ئەمبەرو ئەوبەری شاخی کۆسرەت دەگرێتەوەو دەڕوانێ بەسەر بەری مەرگەداو لەوێ میوانخانەیەکی ٥ ئەستێرە دەکرێتەوە، هەروەها شاری یاریو شاری یاریی ئاوو بەلەمو ماتۆڕی ئاوو چەند جۆرێکی دیکە لە یاریی هاوچەرخ دروستدەکرێت.

قۆناغی یەکەم بە ٢ ساڵ کۆتایی دێتو قۆناغی دووەمیش دواتر دەست پێدەکات، بڕی ٢ ملیار دۆلار لەو پرۆژەیەدا خەرج دەکرێت.

# گەشتوگوزاری سلێمانی ڕۆژانی جەژن ١٣٩ هەزار گەشتیار هاتوونەتە سلێمانی

**بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕایگەیاند لەڕۆژانی جەژندا زیاتر لە ١٣٩ هەزار گەشتیار هاتونەتە سنوری پارێزگای سلێمانی.**

عەلی ڕەئوف، بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕایگەیاند، "لەماوەی ١٢ تا ٢١ مانگی ڕابردوو، ١٣٩ هەزارو ٧٢١ گەشتیار ڕوویان لەسنووری پارێزگای سلێمانی کردووە، بەراورد بەجەژنی ڕەمەزانی ساڵی ڕابردوو ڕێژەی هاتنی گەشتیار لەسەدا ٤٠ زیادی کردووە، لەساڵی ڕابردوودا ٩٦ هەزار و ٩٣٦ هەزار گەشتیار هاتبوونە سنووری پارێزگای سلێمانی".

هاوکات ئارام شوانی، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سلێمانی ڕایگەیاند "لەسێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا ٧٥ هەزار گەشتیار ڕوویان لە سلێمانیو ناوچە گەشتیارییەکان کردووەو زۆرترین شوێن کە سوودمەندبوون لەگەشتیارەکان هۆتێلو ڕێستۆرانتو مۆڵەکان بوون، ٪٩٠ی گەشتیارەکانیش خەڵکی ناوەڕاستو باشووری عیراق بوون".

ڕاشیگەیاند "داهاتی ئەو گەشتیارانەی کە هاتوونەتە پارێزگاکە نزیکەی حەوت ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دۆلارە، چونکە وا مەزەندەی دەکەین کە بە گشتیی هەر گەشتیارێک لە گەشتەکەیدا بۆ پارێزگای سلێمانی ١٠٠ دۆلار خەرجدەکات".

# مەترسی لەسەر بەرهەمی زەیتون هەیە لەکوردستان

## ڕۆژانە ١١٠ تۆن زەیتی زەیتون لەهەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنرێت


زەیتی زەیتون خواستی لەسەرە

ئا: زریان محەمەد

**بەهۆی دروستبونی جۆرێک لەنەخۆشی لەداری زەیتوندا، بۆ ئەمساڵ بەرهەمی زەیتون لەهەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر هەیە، خاوەن کارگەکانی زەیتون داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن ڕێنمایی‌و زانیاری پێویست لەبارەی پاراستنی بەرهەمی زەیتون بدرێت بەجوتیاران‌و هاوڵاتیان، تا ئەو جۆرە نەخۆشییە کۆنترۆڵ بکرێت.**

خاوەنی کارگەی زەیتی زەیتونی ڕانیە، سابیر ڕەسوڵ بەڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" ڕاگەیاند کارگەکەیان دوو بەرهەم دەخاتە بازاڕەوە، یەکەمیان زەیتی زەیتونە بەڕێژەی ١٠٠٪ سروشتی، لەگەڵ سابوونی زەیتون، ناوبراو ئەوە ڕوندەکاتەوە کە "لەئێستادا داری زەیتون لەسەرەتای دروستبونی گوڵدایە، بەو پێیەی بەشێکی زۆر لەجوتیاران ئاشناییان نیەو هیچ هاوکاریی‌و ڕێنماییەک نیە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ. بۆیە ئەمڕۆ داری زەیتون لەڕەوشێکی زۆر خراپدایە، چونکە جۆرێک نەخۆشی لەداری زەیتوندا هەیە کە پێیدەوترێت لۆکە (قوتنی)، ئەمەش پێویستە دەرمانی بۆ بەکاربهێندرێت پێش ئەوەی گوڵ بکات بۆ ئەوەی بەری دارەکە نەوەرێنێت، بەمەش بەرهەمی دارەکە زیاتر دەبێت، بەڵام بەهۆی نەبونی ڕێنمایی‌و پێدانی زانیاری بەجوتیاران لەئێستادا دار زەیتونێکی زۆر لەناوچەکەدا هەیە کە مەترسیان لەسەرەو دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرهەمی زەیتون لەمساڵدا، لەکاتێکدا زۆریان لەکارگەکانی زەیتی زەیتونی کوردستان پشت بەم بەرهەمە ناوخۆیی‌و خۆماڵییە دەبەستن".

لەبارەی زەیتی زەیتونەوە دەڵێت "لەساڵی ڕابردوودا بەرهەمی زەیت وەک پێویست نەبوو، چونکە زەیتون کەم بوەوە، ئەو دار زەیتونانەی لەکوردستان لەساڵانی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوەو چێنراون‌و لەئێستادا گەورە بوون، هیچیان تایبەت نین بە بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتون‌و ڕۆن، بۆیە کارگەی ڕانیە بۆ دەستکەوتنی زەیتون، پشتی بەناوخۆی هەرێم نەبەستووەو ئێمە زەیتون لەبەعشیقەو دهۆکو ئاکرێ دەکڕین‌و دەیهێنین بۆ کارگەکەمان".

خاوەنی کارگەی زەیتی زەیتونی ڕانیە، کە بەرهەمەکانی بەکوالیتی باش ناسراون لەبازاڕدا، داوا دەکات "حکومەت کار بکات بۆ ڕێنمایی کردن‌و پێدانی زانیاری بەجوتیاران‌و هاوڵاتیان کە دار زەیتونیان هەیە تا ڕێژەی بەرهەمیان زیاد بێت".

سابیر ڕەسول، جەخت لەوەدەکاتەوە "کارگەکەیان دەتوانێت ڕۆژانە سێ تۆن سابوون بەرهەم بهێنێت، بەرهەمی زەیتونی هاوڵاتییانی سنورەکەش وەردەگرن، بەڵام جوتیاران زیاتر خۆیان زەیتونەکەیان دەکەن بەزەیتو خۆیان دەیفرۆشنەوە، لەبەرئەوە بۆ بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتون‌و سابوونی ڕانیە، زەیتوون لە شارەکانی عێراق دەکڕن.

خاوەنی کارگەی زەیتی زەیتونی ڕانیە ئاماژە بەوە دەکات کە باشترین جۆری زەیتون لەجۆری زەیتونی سەوزە، ئەو وتی کارگەکەمان دوو بەرهەمی تەواو سروشتی زەیتی زەیتون‌و سابوونی زەیتون دەخاتە بازاڕەوە، کوالێتی هەردوو بەرهەمەکەش هەم زەیتو هەم سابونەکەش زۆر بەرزو سروشتییە، خواست لەسەر زەیتەکەو سابوونەکەش هەیە، ئێستا لەشارەکانی هەرێمی کوردستان سابوونی ڕانیە بەچوار ڕەنگی جیاواز بەردەستە، کە سابوونێکی تەواو سروشتییە".

وتیشی "سابوونەکە چەوری ناهێڵێت‌و کرێشی سەریش لادەبات‌و بۆ هەستەوەری زۆر باشەو لە ١٠٠٪ سروشتییە، هەروەها بۆ زیپکەی دەموچاو باشەو ڕێگرە لەقژ هەڵوەرین، ئەو سابوونە لەناوچەکەدا خواستی زۆرەو ڕۆژ بەڕۆژ خواستی لەسەر زیاتر دەبێت، لەداهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمەکانمان دەبەینە شارەکانی عێراق".

بەوتەی خاوەنی کارگەی زەیتی زەیتونی ڕانیە، کوالیتی زەیتی زەیتوونەکەیان بۆ خواردن‌و چێشتلێنان زۆر باشەو بەچەند قەبارەیەک بەردەستە، زەیتەکە بەڕێژەی ١٠٠٪ سروشتییە، ئەو وتی "هاوکات توانیومانە هەلی کار بۆ ژمارەیەک هاوڵاتی سنوورەکە دابین بکەین‌و سوودیش بەجوتیاران‌و بەرهەمهێنەرانی زەیتوون بگەیەنین".

بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون لەهەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەشەکردندایە، بەپێی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئێستادا لەڕێگەی حەوت کارگەوە ڕۆژانە نزیکەی ١١٠ تۆن زەیتی زەیتون بەکوالێتییەکی زۆر باش لەناوخۆی هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنرێت.

جگە لەو ناوچانەی کە بەفراوین‌و ساردن، تەواوی خاکی هەرێمی کوردستان بۆ چاندنی زەیتون شیاوەو دەکرێت تێیدا بروێنرێت‌و نزیکەی ١٣٥٠ جوتیاریش لەو بوارە کار دەکەن.

بەڵام بەرهەمی زەیتون تەنها لەهەرێمی کوردستان کەمی نەکردووە، وڵاتانی ئەوروپاشی گرتۆتەوە بەجۆرێک ئەو زەیتی زەیتونەی لەوڵاتانی ئەوروپاوە دێتە کوردستان نرخیان زیادی کردووە.

ڕێکار محەمەد، هاوردەکاری خۆراکو پێداویستی لەوڵاتانی ئەوروپا بەڕۆژنامەی "بازرگانی‌و پیشەسازی" وت "لەماوەی ساڵانی ڕابردودا نرخی زەیتی زەیتون هەرزان بوو، بەڵام ماوەی دوو ساڵە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لەوڵاتانی ئەوروپاو قەیرانی جەنگی ئۆکرانیاو ڕوسیا نرخی زەیتی زەیتون گران بووە، بەکەمی دەست دەکەوێت بەهۆی زۆری خواست لەسەری".

وتیشی "ئێمە بەردەوام زەیتی زەیتون لەوڵاتانی ئەوروپا هاوردە دەکەین، بەڵام بەهۆی گران بونی نرخەکەیەوە لەئێستادا کەمتر هاوردە دەکرێت، چونکە لەبازاڕدا کەمتر دەفرۆشرێت لەبەرئەوەی نرخەکەی لەبازاڕو بۆرسەی جیهانی بەرزبۆتەوە".

زەیتی زەیتون داواکاری زۆری لەسەرە لەکوردستان، خەڵکی زۆر بەکاریدەهێنن، هاوڵاتیان بەمەبەستی تەندروستیەکی باش زیاتر گرنگی بەزەیتی زەیتون دەدەن بۆ خواردنەکانیان.

> **لەساڵی ڕابردوودا بەرهەمی زەیت وەک پێویست نەبوو، چونکە زەیتون کەم بیووە، ئەو دار زەیتونانەی لەکوردستان لەساڵانی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوەو چێنراون‌و لەئێستادا گەورە بوون، هیچیان تایبەت نین بە بەرهەمهێنانی زەیتون**



# "خانووە پلاستیکەکان لەکوردستان شەش مانگ بەرهەمیان هەیەو شەش مانگیش بەتاڵن"

## لەمانگی ٧ تا کۆتایی مانگی ٩ ڕۆژانە هەزارو ٨٠٠ تەن خەیار دەخەینە عەلوەی سلێمانییەوە

ئا: ڕێژەن سەردار

**ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی خانووی پلاستێکی لەسلێمانی ئاماژە بەوە دەکات گرفتی گەورەی خانوە پلاستیکەکان بێ بازاڕییە، ئەو دەڵێت "ئەگەر بازرگانانی ناوەڕاستو باشوری عێراق خەیار نەکڕن، سلێمانی ڕۆژی ١٠ تەن خەیاری بەسە بەیەک جوتیار دابین دەکرێت، لەکاتێکدا لەمانگی حەوت تا کۆتایی مانگی نۆ ڕۆژانە هەزارو ٨٠٠ تەن خەیار دەچێتە عەلوەی سلێمانیەوەو هەمووی دەچێت بۆ ناوەڕاستو باشوری عێراق".**

ئەمیر دارا، جوتیارو ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی خانووی پلاستێکی بەڕۆژنامەی "بازرگانی‌و پیشەسازی" ڕاگەیاند کە خانووی پلاستیکی دەبێت، بۆ هەموو وەرزەکان بەرهەمی هەبێت، پێچەوانەی ئەو کشتوکاڵەی بەشێوازی دەشتەکی دەکرێت، بەڵام ئەوان ناتوانن کێبڕکێی بەرهەمی دەرەوە بکەن لەوەرزەکانی پایزو زستاندا لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم بڕیارێکی دەرکردووە لە مانگی شەشەوە تاکو ٢٠ی مانگی یانزە باج دەخاتە سەر بەرهەمی هاوردە، ئەو وتی "لەمانگی یانزە بەدواوە پێویستمان بەسوتەمەنی‌و گەرم کردن هەیە بۆ ئەوەی ناو خانوە پلاستیکیەکەی پێ گەرم بکەین، ئەمەش بەگازو غاز ئەکرێت، حکومەت ئامادە نیە هاوکاری جوتیاران بکاتو باج بخاتە سەر بەرهەمی هاوردە، ئەگەر ئێمە کیلۆیەک خەیار بدەین بە ١٢٥٠ ئینجا دەتوانین غازو سوتەمەنی بۆ خۆمان دەبین بکەین".

وتیشی "لەئێستادا خانووە پلاستیکەکان لەهەرێمی کوردستان تەنها شەش مانگ بەرهەمیان هەیەو شەش مانگ بەتاڵن، بەتایبەتی لەسنوری پارێزگاری سلێمانی، هەرچەندە لەگەرمیان بەشیکیان بەرهەمیان هەیە".

ئەم ئەندامەی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی خانووی پلاستێکی جەغت لەوە دەکات کە هەموو بەرهەمەکان لەخانووی پلاستیکیدا دەکرێت، سەبارەت بەو دەنگۆیانەش کە خانووی پلاستیکیان ناو ناوە کۆماری خەیار، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێم، ئەو وتی "حکومەت خشتەیەکی داناوە کە ساڵانە ٦٥٠ دینار باج دەخاتە سەر خەیاری هاوردە، باسی ئەوە نەکراوە چەنێک باج دەخرێتە سەر تەماتەو بیبەرو کاهوو قەڕنابیتو کەلەرمو بڕۆکلی، ئەگەر قەدەغەش کرابێت تەنها لەسەر کاغەزە ئەگینا بازاڕ پڕە لەبەرهەمی ئێرانی، خەیار بەراورد بە بەرهەمەکانی تر کاتێکی کەمی پێویستە لەخانووی پلاستیکیدا بە ٤٥ ڕۆژ پێدەگات، بەڵام تەماتە ٩٠ ڕۆژی دەوێتو کاتو تێچوونی زیاترە".

وتیشی "لەسنوری پارێزگاری سلێمانی نزیکەی ٢٢ هەزار خانووی پلاستیکی هەیە، جگە لەخەیار، تەماتەو بیبەرو باینجان دەکران، بەڵام جوتیاران زیانی زۆریان کرد، لەئێستادا لەسەدا ٨٠ی خانووە پلاستیکەکان خەیارن، ئەگەر جوتیارێک زەویەکی زۆر گەورەی هەبێت لەسەدا ٨٠ی دەکات بەخەیار، ئەو جوتیارانەی زەویەکەشیان کەمە هەر تەنها خەیار دەکەن، هۆکاری ئەمەش ناشارەزایی جوتیارەکانە، تاک تاک جوتیاری بەتوانا هەیە، من جوتیارێک دەناسم لەخانووی پلاستیکیدا مێوی چاندووە بۆ گەڵا مێوەکەی، بۆ ئەوەی لەزستاندا بەرهەمی هەبێت، لەسەرەتای بەهاریش بەرهەمێکی جوانی هەیە کیلۆی ٢٥ هەزار دینار دەکات".

ئەم جوتیارە باس لە گرفتێکی تری خانوە پلاستیکەکان دەکات کە ئەویش بێ بازاڕییە، ئەو وتی "ئەگەر بازرگانانی ناوەڕاستو باشوری عێراق خەیار نەکڕن، سلێمانی ڕۆژی ١٠ تەن خەیاری بەسەو بەیەک جوتیار دابین دەکرێت، لەمانگی حەوت تا کۆتایی مانگی نۆ ڕۆژانە هەزارو ٨٠٠ تەن خەیار دەچێتە عەلوەی سلێمانییەوە، هەمووی دەچێت بۆ ناوەڕاستو باشوری عێراق".

وتیشی "ڕۆتیناتی حکومەتیش کێشەی زۆر گەورەی بۆ جوتیاران دروست کردووە، تاکو مۆڵەتی لێدانی بیرێک وەردەگرین تەواو بێزارو بێتاقەتمان دەکەن بەهاتوچۆ کردن‌و کتاب کردن".

بەمەبەستی پێشخستن‌و گەشەدان بە بەرهەمی خانووە پلاستیکەکان، ئەم ئەندامەی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی خانووی پلاستێکی پێشنیاز دەکات کەرتی تایبەت دەزگایەکی پێچانەوەو بەستەبەندی دابنێتو پێیوایە ئەگەر بەرهەمەکان بەشێوازێکی جوان بپێچرێنەوەو بازاڕیان بۆ بدۆزرێتەوە لەدەرەوەی وڵات گەورەترین خزمەتە بەجوتیاران، ئەو وتی "ئەگەر حکومەتیش ڕۆتینات کەم بکاتەوەو بەدواداچون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بکات، بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر دەبێت، لەئێستادا هەماهەنگی لەنێوان مەرزەکان نیە، کە خەیار لەباشماخ قەدەغە دەکرێت لەحاجی ئۆمەرانەوە هاوردە دەکرێت، هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق زۆر گرنگو پێویستە، جوتیارانی عێراق لە مانگی دوو تەماتەیان هەیە، بەڵام حکومەتی هەرێم لەهەموو مەرزکانەوە تەماتە هاوردە دەکات، لەبانی مەقانیش تۆڵە لەجوتیارانی کوردستان دەکرێتەوە، کاتێک بازرگانێک باری خەیار دەبات بۆ ناوەڕاستو باشوری عێراق هەموو بارەکەی لەبانی مەقان پێدادەگرن‌و سەیری ژێر بارەکە دەکەن، بازرگان هەیە هەفتەی سێ جار باری پێدادەگرن‌و داوای ناوی ئەو جوتیارە دەکەن کە خەیارەکەی فرۆشتوەو بیانوی پێدەگرن".

وتیشی "کەسێک کە جوتیارە تەنها زەوی هەیە ناچارە بەردەوام بێت، ئەگەر من خۆم موچەیەکم هەبێ یەکسەر واز لەکشتوکاڵ کردن دەهێنم، من لە ٢٠٠٨ەوە خانوی پلاستیکیم هەیە، چەندین جار کیلۆی خەیارم داوە بە ٧٥ بۆ ١٠٠ دینار، بەمەرجێک کیلۆی ٢٥٠ دینار لەسەر خۆم دەکەوێتو هێشتا وازم نەهێناوە".


خەیار کاتێکی کەمی پێویستە لەخانووی پلاستیکیداو بە ٤٥ ڕۆژ پێدەگات

> **من لە ٢٠٠٨ەوە خانوی پلاستیکیم هەیە، چەندین جار کیلۆی خەیارم داوە بە ٧٥ بۆ ١٠٠ دینار، بەمەرجێک کیلۆی ٢٥٠ دینار لەسەر خۆم دەکەوێتو هێشتا وازم نەهێناوە**

# سلێمانی: ١٠٠ هەزار کەس لەبواری کشتوکاڵدا کار دەکەن


ئەمساڵ ساڵی شوتییە

ئا: ڕێژەن سەردار

**جێگری بەرێوبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات ساڵ بەساڵ سلێمانی ڕێژەی بەرهەمهێنانی لەبواری کشتوکاڵدا زیاتر دەبێت، ئەو دەڵێت "چەند ساڵێک لەمەوبەر ٧٠ بۆ ٨٠ پرۆژەی پەلەوەر لەسنوری پارێزگای سلێمانی هەبوو، ئێستا ٥٤٠ پرۆژە هەیە، ئێستا ٢٢ هەزار خانووی پلاستیکی لەسلێمانی هەیەو لەمانگی چوارەوە بۆ مانگی یانزە، ٨٥٪ی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی بازاڕ بەروبومی کشتوکاڵی خۆمانە".**



> ئاوەدان نەکردنەوەی گوندەکانو تەلەبەند کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانو کردنیان بەباخی تایبەتی بۆ کات بەسەربردن، زیانی زۆر گەورەی لەکەرتی کشتوکاڵو ئاژەڵداری داوە

جوتیار خالید، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی سەبارەت بەو خولەی کە بەم دواییە لەبوارەکانی سامانی ئاژەڵو فێتێنەریو ڕووەکیو سامانی ماسی بە بەشداری زیاتر لە ٣ هەزار کەس کردویانەتەوە، بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند

هەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی زۆر لەبارن بۆ کاری کشتوکاڵی، لەکوردستان دەستی کارمان زۆرەو پێویستە سەرجەم ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی کاری کشتوکاڵین بەپێی یاساو ڕێنماییەکان سەرپەرشتیارێکی کشتوکاڵیان بۆ دابنرێت، ئەو وتی "بۆ ئەم مەبەستە خولێکی ڕاهێنانمان کردەوەو نزیکەی ٦ هەزار کەس فۆرمیان پڕ کردەوە، دواتر ئەم شەش هەزار کەسە، ناوەکانیان چووە وەزارەتی کشتوکاڵو کەم کرایەوە بۆ ٥ هەزار کەس تا لەبوارەکانی سامانی ئاژەڵو فێتێنەریو ڕووەکیو سامانی ماسی ڕاهێنانیان پێبکرێت، ئێمە فۆرمێکمان بەسەردا دابەشکردنو پڕیان کردەوە لەو بوارانەدا، سەرەنجام نزیکەی ٣ هەزارو ٤٠٠ کەس بەشداریان لەخولەکەدا کرد، خولەکە بەخۆبەخشی کرا بەبێ ئەوەی هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ماوەی سەد ڕۆژ وانە بەفێرخوازان وترایەوە، کە بەشێک لەوانەکان پڕاکتیکی بوون، تاقیکردنەوە ئەنجام ئەدرا، ئەو کەسانەی کە خێزانو منداڵیان هەبوو لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەخرانە پێشەوە تاکو لەکێڵگەکانو پرۆژە کشتوکاڵییەکان وەک سەرپەرشتیار کار بکەن".

وتیشی "لەئێستادا ئێمە سەرقاڵی ئەوەین لەگەڵ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت قسە بکەین، هەوڵیش دەدەین لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بیکەنە مەرج کە خاوەن پرۆژەکان سەرپەرشتیارێک دابمەزرێنن".

جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، ئەوە ڕون دەکاتەوە کە بوارەکانی خولە بریتی بوون لەپیشەسازی خۆراکو سامانی ئاژەڵو فێتەرنەریو سامانی ماسیو پاراستنی ڕووەکو بواری خاکو ئاوو باخداریو کشتوکاڵی داپۆشراوو ڕووەکە جوانکارییەکان، مەرج بوو بەشدار بوو دەبێت دەرچوی بەشێکی کشتوکاڵی بێت، ئەو وتی "بەیاسا مەرجە کە دەبێت بەشداربوانی خولەکە دابمەزرێن، بەڵام خاوەن پرۆژەکانی کەرتی تایبەت دەڵێن ئەگەر بازاڕ جێگیر نەبێت دامەزراندنی ئەو سەرپەرشتیارانە دەبێت بە بارگرانی بۆمان، ئەم قسەیەش ڕاستە، بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین بازاڕ جێگیر بکەین".

وتیشی "هەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی زۆر لەبارن بۆ کاری کشتوکاڵی، ئێمە دەستی کاریشمان زۆرە، لە پارێزگاری سلێمانی هەزاران کەس هەلی کاریان لەکەرتی کشتوکاڵ بۆ دابین کراوە، ساڵ بەساڵ ئەم ژمارەیەو ڕێژەی بەرهەمهێنان زیاتر دەبێت، چەند ساڵێک لەمەوبەر ٧٠ بۆ ٨٠ پرۆژەی پەلەوەر لەسنوری پارێزگای سلێمانی هەبوون، ئێستا ٥٤٠ پرۆژە هەیە، ئێستا ٢٢ هەزار خانووی پلاستیکی لەسلێمانی هەنو لەمانگی ٤ بۆ مانگی ١١ لە٨٥٪ی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی بازاڕ بەروبومی کشتوکاڵی خۆمانە، پارێزگاری سلێمانی لەبواری بەرهەم هێنانی گەنمیش پێشەنگە، ساڵانی ڕابردوو ١٠ هەزار کەس لەبواری کستوکاڵ کاریان دەکرد ئێستا ١٠٠ هەزار جوتیار کاری تێدا دەکات".

جێگری بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی جەغت لەوە دەکات کە هاوردە کردن هەمیشە کەموکورتی ناگەیەنێ، چونکە ولاتانی گەورەو بەتوانای وەک ئەمریکاو چینو ڕوسیاش بەرهەمی دەرەکی هاوردە دەکەن، ئەو وتی "وڵاتێک کە کاڵای دەرەوە هاوردە دەکات مانای ئەوە نیە ناتوانێت خۆی بەرهەمهێن بێت، ئێمەش دەکرێت گرەو لەسەر کوالیتی کاڵای خۆمانو باشی بکەین لەڕووی تەندروستییەوە بۆ ئەوەی ڕکەبەریی بەرهەمی کوالیتی نزمی دەرەوەی پێبکەین".

وتیشی "ئاوەدان نەکردنەوەی لادێکانو تەلەبەند کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانو کردنیان بەباخی تایبەتی بۆ کات بەسەربردن، زیانی زۆر گەورەی لەکەرتی کشتوکاڵو ئاژەڵداری داوە".



## کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان:

# وەزیری کشتوکاڵ هاوردەکردنی مریشکی بەستووی قەدەغە کردووە، بەڵام هەر دەهێنرێت


لەئێستادا هەر کیلۆیەک مریشک لەناو هۆڵی کێڵگە پەلەوەریەکاندا بەدوو هەزارو ١٠٠ دینارە

> خاوەنی کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێمی کوردستان لەزیانێکی گەورەدان، ئەوەش بەهۆی هاوردەکردنی مریشکی دەرەوە بەبڕی زۆرو نرخی هەرزان

ئا: زریان محەمەد

**سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکانی سلێمانیو گەرمیانو هەڵەبجەو ڕاپەرین ڕایدەگەیەنێت "وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ماوەی دووساڵە هاوردەکردنی مریشکی بەستوی قەدەغە کردووە، بەڵام هەندێک لایەنی پابەند نابن بەو بڕیارەوەو بەردەوام هاوردەکردنی مریشکی بەستو دەکرێتو لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێت".**

نازم عەبدوڵا جاف، سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکانی سنوری سلێمانیو ئیدارەی گەرمیانو هەڵەبجەو ڕاپەرین بەڕۆژنامەی "بازرگانی و پیشەسازی" ڕاگەیاند "ئێمە بەردەوام جەخت دەکەینەوە لەسەر پاراستنی بەرهەمی ناوخۆییو پشتیوانیکردن لەکەرتی بەرهەمهێنانی بەروبومە خۆماڵیەکان، بەو پێیەی پەلەوەر توانیویەتی پێداویستی ناوخۆیی بەزیادەوە پڕ بکاتەوە، بەڵام هەتا ئێستا پشتیوانیمان ناکرێت تا بتوانین بەردەوام بینو توشی زیانی زۆر نەبین بۆ بەردەوام بوونمان لەزیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی".

ئەمە لەکاتێکدایە کە لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، پێداچوونەوە بەهاوردەی مریشکی بەستوو بکەنەوەو ڕێگە نەدەن بەقاچاغو بەبێ باج بهێنرێت، لەبەرئەوەی خاوەنی کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێمی کوردستان لەزیانێکی گەورەدان، ئەوەش بەهۆی هاوردەکردنی مریشکی دەرەوە بەبڕی زۆرو نرخی هەرزان.

لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان ئەوەش ڕون دەکاتەوە کە هەرچەندە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە هاوردەکردنی مریشکی بەستومان قەدەغەکردووە، بەڵام بەڕێگای دەروازەکانو هاوشێوەی کاڵاکانی دیکە بەڕێگەپێدانی تایبەت مریشکی بەستوو هاوردە دەکرێت، لە کاتێکدا هیچ باجێکیان لێوەرناگیرێت ئەوەش نرخی مریشکو بەرهەمی ناوخۆ بەتەواوی دەشکێنێتو زیان بە خاوەن کێڵگەکان دەگەیەنێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەهەرێمی کوردستان زیاتر لەسێ هەزار کێڵگەی پەلەوەریی هەیە کە زۆرینەیان بەهۆی زیانی زۆرەوە نزیکن لەوەی دایبخەن.

لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان ڕایگەیاندوە کە داواکارییان داوەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان تاوەکو داوا لەحکومەت بکات مریشکی هاوردە ڕێگەی پێبدرێت بەفەرمی بهێنرێت، بەڵام باجی بخرێتەسەر، نەک وەک ئێستا کە دەهێنرێت بەڕێگەپێدانی تایبەتو باجیشی لەسەر نییە.

لەمبارەوە، نازم عەبدوڵا جاف، سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکانی سنوری سلێمانیو ئیدارەی گەرمیانو هەڵەبجەو ڕاپەرین، وتی "وەزیری کشتوکاڵ ماوەی دوو ساڵو نیوە هاوردە کردنی مریشکی بەستوی قەدەغە کردووە، بەڵام بەداخەوە هەندێک لایەنی پەیوەندیدار هەن جێبەجێی ناکەنو پابەند نین بەو بڕیارەی وەزیرەوە، هەتا ئێستا بەردەوام ڕۆژانە مریشکی بەستوو لەبازاڕەکان لەدهۆکو زاخۆوە هەتا سلێمانیو گەرمیان لەمارکێتەکانو بازاڕدا دەفرۆشرێت، کە بەهای خۆراکی مریشکی بەستوو بەڕێژەی لە ٢٠٪ دەمێنێتەوە لەکاتێکدا مریشکی زندوو لە ٩٥٪ بەهای خۆراکی دەمێنێتەوە، ئەمەش بوەتە هۆی زیانێکی زۆر بۆ خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکانی کوردستان، لەکاتێکدا مریشکی زندوو بەشێوەیەکی زانستی دەخرێتە بازاڕەوە بەیشکنینی دکتۆری ڤێرتنەری".

سەرۆکی کۆمەڵەی گێڵگە پەلەوەریەکان دەشڵێت "من بۆ سەرجەم خاوەن پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی مریشک ڕادەگەیەنم، هەر کەسو لایەنێک گەر عەلەفی خراپو جوچکی خراپو دەرمانی خراپو فاکسینی خراپی پێدان، بەهیچ شێوەیەک پارە نەدەن بەخاوەنی ئەو کۆمپانیایانەی کە جوچکەکە یان عەلەفەکە یان دەرمانەکەی پێداون، چونکە ئەوانە شتی خراپو کوالێتی نزمیان داوە بەخاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان".

لەهەرێمی کوردستان تواندراوە خواستی بازاڕ بەمریشکی زندوو لەلایەن خاوەن پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی مریشک پڕبکرێتەوە بەقسەی سەرۆکی کۆمەڵەکە توانای هەناردەکردنی مریشکیان هەیە.

نازم عەبدوڵا جاف، جەختی لەوە کردەوە "لەئێستادا هەر کیلۆیەک مریشک لەناو هۆڵی کێڵگە پەلەوەریەکاندا بەدوو هەزارو ١٠٠ دینارە، بەڵام هەر کیلۆیەک سێ هەزار دینار لەسەر خاوەن پرۆژە دەکەوێت کە هەر کیلۆیەک زەرەری هەزار دینارە بۆ خاوەن پرۆژەو حکومەتی هەرێم هەتا ئێستا هیچ جۆرە هاوکارییەکی نەکردوین، لەکاتێکدا ئێمە ئاسایشی خۆراکمان دروستکردووە، بەڵام سەیرە حکومەتی هەرێم هیچ بازاڕێکی بۆ نەکردوینەتەوە کە بتوانین بەردەوام بین لەبەرهەمهێنانی مریشکی زیندوو".

سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەریەکان دەربارەی کارگەکانی عەلەفو جوجک هەڵهێنەرو کۆمپانیاکانی دەرمان و ڤاکسین، وتی "لەهەرێمی لەکوردستان ٣٨ کارگەی عەلەفمان هەیە کە هەر یەکەیان کوالێتی جۆرێکەو نرخەکەشی جۆرێکە، بەداخەوە هیچ چاودێرییەک لەلایەن لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە نییە، نزیکەی ٤٥ بۆ ٥٠ هەڵهێنەری جوجکمان هەیە کە لە ٢٠٪یان جوجکی خراپ دەدەن بەخاوەن پرۆژەکان کە کوالێتیان بەرز نیەو هەریەکەو بەنرخێک، بەسەدان کۆمپانیای دەرمانو فاکسینمان لەهەرێمی کوردستان هەیە کە هەریەکەیان بەجۆرێک بەکوالێتیەکی جیاواز دەیدەن بەخاوەن پرۆژەکان لەهەرێمی کوردستاندا، بۆیە داواکارم لایەنە پەیوەندیدارەکان بێنە سەرخەتو ئەم کێشەو گرفتانەمان بۆ چارەسەر بکەن، ئەگەر نەیەن بەدەمانەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە خاوەن پرۆژەکان بایکۆت دەست پێدەکەنەوە".

# سلێمانی ئێستاو سلێمانی جاران!



ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

سلێمانی یەکێکە لەو شارە دڵڕفێنو سەرنجڕاکێشانەی کە هەموو ئەوانەی ڕۆژگارێک تیا ژیاون، یاخود هەر خۆیان خەڵکی ئەم شارە بوونو لەم شارەدا گەورە بوون، چەند دووریش کەونەوەو بەجێیبهێڵن، بەڵام هێشتا هەر سیحری جوانی ئەم شارە لەیادەوەریاندا دەدرەوشێتەوەو ون نابێت.

بەڵام ئەوەی ئێستا سەبارەت بەم شارە جوانە جێی سەرنجە، سلێمانی لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بەڕادەیەک لەڕووی ڕوبەرو چڕی دانیشتوانەوە گەورەو جەنجاڵ بووە، کە خەریکە ئێستا بەشێک لەجوانییەکانی لەژاوە ژاوو بێ سەلیقەییو دوکەڵدا دەخنکێت.

ئێمەو مانان کە تەمەنی منداڵیو هەرزەکاریمان لەم شارەدا بەسەربردووە، وێنەکە باشتر دەبینینو باش دەزانین سلێمانی ئێستاو جاران، دوو سلێمانی تەواو جیاوازن، هەر لەڕووخۆشیو سادەو ساکاریو ڕوحی پڕ لەگاڵتەو گەپی خەڵکەکەیەوە بگرە، کە وەک بەشێکی بەرچاو لەدانیشتوانی ئێستای ئەم شارە مرو مۆچو بێ سەلیقە نەبوون، تا دەگات بەبۆنو بەرامەی خۆشی کۆڵانو ناو بازاڕەکەی، کە وەک ئێستا پڕ لەخۆڵ خاشاکو ترشاو نەبوو!


ڕەنگە جوانترین دیمەنی شاریش لەیادەوەری کەسانی هاوتەمەنی وەک مندا، دیمەنی حەوشەو بەر هەیوانیماڵەکانی سلێمانی جاران بێت، کە لەهەموو ماڵێکدا باخچەیەکی ڕازاوەی گەورە یان بچوکی پڕ لەچیمەنو درەختو گوڵو گوڵزار هەبوو، کاتێک دەمەو ئێوارانی هاوین ئاورشێن دەکرا، وەک کوردەواری دەڵێن "هەزار دڵ حەیرانی دەبوو"، هەر حەزت دەکرد تیا دانیشیت!

ئەوەی ئێستا ئەم شارەی بەجارێک دزێوو ناشیرین کردووە، ئەوەیە کە خەریکە لەڕووی دیزاینەوە دەبێتە جەنگەڵێکی پڕ لەبینای کۆنکرێتی نارێکو ناقۆڵا، کە هەموو جوانی ئەو کەژو کێوە ڕەنگینانەیان لێشاردوینەتەوە، ساڵانێکی زۆر شاعیرانی هەستناسکی ئەم شارە، هۆشو ئەندێشەی ئێمەیان لەسەر جوانپەرستیان پڕ کرد بوو.

سەیر ئەوەیە ئێستا بەشێک لەخەڵکی ئەم شارەش بەئەندازەیەک بێ سەلیقە دەردەکەون، کە ڕوبەری خانوەکانیان هەرچەندە گەورەش بێت کەچی دێن هەر هەمووی دەکەن بەپارچەیەک لەکۆنکرێت، بێ ئەوەی بیر لەدروستکردنی باخچەیەکی بچوک یان چیمەنێک بکەنەوە، لەژوورەوە بەدیار گوڵی دەستکردەوە دادەنیشین!

ئەمە چ مەرگەسات یاخود بەزمەساتێکە کە بێ هیچ پلانو بەرنامەیەک بەردەوام ژینگەو چیمەنو سروشتی جوانی دەوروبەری ئەم شارە تێکدەشکێنرێتو دەکرێن بەبینای بەرزو زەبەلاحی کۆنکرێتیو لەبری ئەو سەوزە گیا سروشتیانە، چیمەنی دەستکردیان تیا دروست دەکرێت؟! تەنانەت هەندێکجار هەست دەکەیت ئیتر شار بووە بەو شوێنەی مرۆڤ ناتوانێ هەناسەی تیا بداتو هەناسەدانی تیا تەنگە!

سلێمانی وەک هەموو شارێکی ئەم دنیایە دەکرێ ڕوبەرەکەی گەورەو چڕی دانیشتوانەکەی بەهۆی ئەو ڕوداوە هەژێنەرانەی چواردەورمانی پیا تیا تێدەپەڕێت، قەرەباڵغ بێت، بەڵام پێویستە ئەم گەورەبوونو قەرەباڵغییە لەسەر حسابی کوشتنو خنکاندنی ژینگەو سروشتو جوانییەکانی نەبێت، سلێمانی هەموو ڕۆژێ گەورەتر دەبێ، بەڵام گەورە بوونو جەنجاڵییەکی بێ پلانو بێ بەرنامەی تێکەڵو پێکەڵو تێکچڕژاوو داماڵراو لەجوانیی!



سلێمانی- بەردەرکی سەرا

خاڵی مەبەستی من ئەمەیە: ئەم شارە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر جوانییەکانی لەدەست نەدات، پێویستی بەرێکخستنو بەڕێوەبردنێکی باشترو شایستەترە، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر بەهەرەمەکی ڕوبەرو دانیشتوانەکەی زیاد نەکات، هەر لەدیزاینکردنی خانوو شوقەکانی نیشتەجی بوونیەوە بگرە تا دەگات بەرێکخستنی گەڕەکو کۆڵانو ئامێرەکانی گواستنەوەو شۆستەو شەقامەکانی ناو بازاڕو لەهەموو ئەوانەش گرنگتر پێویستی بەفراوان کردنی پانتایی سەوزاییە .د

> سلێمانی وەک هەموو شارێکی ئەم دنیایە دەکرێ ڕوبەرەکەی گەورەو چڕی دانیشتوانەکەی قەرەباڵغ بێت، بەڵام پێویستە ئەم گەورەبوونو قەرەباڵغییە لەسەر حسابی کوشتنو خنکاندنی ژینگەو سروشتو جوانییەکانی نەبێت، سلێمانی هەموو ڕۆژێ گەورەتر دەبێ، بەڵام گەورە بوونو جەنجاڵییەکی بێ پلانو بێ بەرنامەی تێکەڵو پێکەڵو تێکچڕژاوو داماڵراو لەجوانیی!

# خشتەبەندیو پۆلێنکردن



شەن جەزا کەریم

لەزانستی ژمێریاری مۆدێرندا دوو کۆڵەکەی سەرەکی هەن کە یارمەتیدەرن بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی ژمێریاریی، ئەبێت ژمێریاری چالاک پشتیان پێببەستی، ئەویش خشتەبەندیو پۆلێن کردنە (Classification and tabulation).

خشتەبەندی واتە (جدولة)و پۆلێنکردنیش واتە (التصنیف)، باشتر وایە سەرەتا پۆلێنکردن پێناسە بکەینو پاشانیش بێینە سەر خشتەبەندی.

پۆلین کردن بەواتای جیاکردنەوە بەشێوەیەک کە لەگەڵ پرۆسەی ژمێریاریەکەماندا بگونجێت، بۆ نمونە بمانەوێت لەپرۆسەیەکی بیناسازی یان بازرگانیدا یان هاوردە یان هەناردەدا، پۆلێنی کارەکانمان بکەین بەپێی کوالێتی ئەوا ئەتوانین پۆلێن بکەینو پلە دابنێین بەپێی ژمارە لەیەکەوە تا ئەو پلەیەی لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت.

یان بەپۆلێنی پلەی (آ) یان (ب) تا دوایی، لەدوای پۆلێنکردن پێویستمان بەخشتەبەندییە کە ژمێریار ئەبێت گرنگی پێبدات.

خشتەبەندیش مانای ڕێکخستنی خشتەی پێویست بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو زانیاریانەی پێویستن، لەپلەی کاڵاو ڕۆژو کاتی کڕینو فرۆشتنو نرخی کڕینو بەهای فرۆشتنو هەرچیەکی تر کە پێویست بێت لەو زانیاریانە پەیوەستە بەو بابەتەوە، تا لەکاتی وردبینی یان گەڕانەوە بۆ بابەتێک یان لیستێک یاخود فاکتۆرێکی کڕین یان فرۆشتن، ئەوا خشتەبەندی بەکەمترین کات ئەمانباتەوە سەر مەبەستەکەی کە ئەمانەوێت.

لێرەدا بۆ بەرچاوڕونی بەپێویستی ئەزانین نمونە بهێنینەوە، نمونە: کۆمپانیایەک (س) کاڵای هاوردە کردوە بەپلەبەندی چوار جۆر کوالێتی، ئەوا پێویست ئەکات ژمێریار خشتەی تایبەتی خۆی ڕێکبخات بەچوار جۆر، واتە دوای پۆلین کردنی پلەبەندی کاڵاکان بەچوار جۆر، ئەوسا ئەچێتە خشتەبەندییەوە، بەپێی پۆلێنەکە لیستی جیاوازیان بۆ ئامادە ئەکرێت بۆ کڕینو فرۆشتن هەریەک بەجیا.

کەواتە لێرەدا ئەبێت ئەوە بزانین خشتەبەندیەکە دوای پرۆسەی پۆلێنکردنەکە دێت، نمونەیەکی تر لەپۆلێنو خشتەبەندی کە پەیوەندی بەو دامازراوانەوە هەیە کە کارەکانیان زیاتر خزمەتگوزاریە، ئەمیش بەهەمان شێوە ئەبێت پۆلێنی ئەو خزمەتگوزاریانە بکات کە پێشکەشیان ئەکات، پێداویستیەکانی خۆی ڕێکبخات بەپێی گرنگی هەنوکەییان، لەهەردوو بواری خەرجیو داهاتدا، پاش پۆلێنکردن خشتەی بۆ ڕێکئەخرێت بەپێی پێداویستی ڕۆژانەو پاشان هەفتانەو تا ئەگاتە مانگانەو ساڵانەش، ئەم دو فاکتە کاری ژمێریار بەجۆرێک ئاسان ئەکات کە هەرکات بیەوێت بگەڕێتەوە بەلیستی حساباتدا، ئەوا بەئاسانی ئەتوانێت بزانێت کام ڕۆژو لە چ مانگێکو چ ساڵێکدا بایی چەندی لەکاڵای (ب) کڕیوە یان فرۆشتوە، ئەمەش ئەبێتە ئاسانکاریەکی گەورە بۆ گەڕانەوە بۆ حساباتی سەرەکیو وردبینی، هەروەها دەرخستنی زیانو قازانجو بوونی هەر کەمو کورتیەکیش ئەگەر هەبێت.

بەکورتی ئەتوانین بڵێین پۆلێن کردنو خشتەبەندی دوو کۆڵەکەی سەرەکی زانستی ژمێریارین کە پێویستە ژمێریاری چالاک پیادەیان بکاتو کارەکانی خۆی پێ ڕێکبخات، ئاواتەخوازین ئەم زانیاریانە سوودبەخش بن بۆ هەموو ئەوانەی پێویستییان بەژمێریارییەکی سەرکەوتوو بێ گرێ هەیە.

> پۆلێن کردنو خشتەبەندی دوو کۆڵەکەی سەرەکی زانستی ژمێریارین کە پێویستە ژمێریاری چالاک پیادەیان بکات



# ڕۆڵی کۆمەڵەی هەرەوەزی لە پێشخستنی کشتوکاڵ



وەسفی خەلیل ئیسماعیل

سروشتی مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە جۆرێک لەهەرەوەزی خۆڕسک لەنێوانیادا هەبووە ئەوەش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم، بۆ بەرگری لەخۆیان لەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕویان بوەتەوە، چ پەلاماردانیان لەلایەن دوژمن یان مەترسیە سروشتیەکان، یان هەوڵدانیان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان.

دیارە لەسەرەتاوە ڕاوە نیچێر بووە، دوای ئەوە دەستیان کردوە بەکشتوکاڵو ئاژەڵداریو جۆرێک لەهەرەوەزی لەنێوانیاندا بەدیدەکرا، ئەمە بەردەوام بوە تا سەدەکانی ناوەڕاست لەئەوروپا بەگشتیو لەبەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا بەتایبەتی. تا ڕادەیەک خەڵکانیک لەتوێژەرانو کۆمەڵناسان هەوڵیان داوە جۆرێک لەتیۆری تایبەتی بۆ دابڕێژن، بەتایبەت لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، دەتوانین ئەمەش بەسەرەتای بزوتنەوەی هەرەوەزی نوێ دابنێین.

دیارە شۆڕشی پیشەسازی بووە مایەی مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنوسی کرێکارانو پیشەوەرانو خەڵکانی هەژار، ئەمەش لەئەنجامدا بووە تێکدانی سستمی دەرەبەگایەتیو سەرهەڵدانی چینێکی نوێ لەناو کۆمەڵگا بەناوی چینی پڕۆلیتاریا، هەرچەندە جۆرێک لەشێوازی هەرەوەزی بەشێوەیەکی سادە لەنێوانیان بەدیدەکرا، لەئوورووپا وەکو چۆن لەهەموو جیهان هەبو، بەڵام شۆڕشی پیشەسازی پاڵنەریکی گەورە بوو بۆ پێکهینانی بزوتنەوەی کۆمەڵەی هەرەوەزی لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

لەو بیرمەندانەی کە خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بوونو بەباوکی بزوتنەوەی هەرەوەزی نوێ دائەنرێن "ڕۆبەرت ئۆین"و "شارل فوری" بوون، هەردووکیان لەفەرەنسا لەدایک بوون. هەرچەند هەردوکیان سەر بەهەمان خوێندنگای ئابورین، بەڵام بەدابڕانو بێئەوەی پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت، سەودای ئەم جوڵانەوەیە بوون، هەروەها نوسینەکانیان لەساڵی ١٨٤٤ کەوتە بەردیدەی خوێنەران، بەوەش توانییان یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی بەکاربەری سەرکەوتو دابمەزرێنن. هەر بەو شێوەیە جۆرەها کۆمەڵەی هەرەوەزی لەئەڵمانیاش پەیدا بوو. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کۆمەڵە هەرەوەزیانە بەپێی پێویستیو خواستی هەر وڵاتو شارێک دادەمەزرا، لەوانە کۆمەڵەی هەرەوەزی نیشتەجێ بوونو کۆمەڵەی هەرەوەزی بەکاربەرو کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی. لەهەندی جێگاش کۆمەڵەی هەرەوەزی ماسیگرانو گواستنەوەو بەبازاڕکردن، تا ڕادەیەک ئەم کۆمەڵانە بەشێوەیەک گەشەیان کرد سنوری وڵاتانیشی بەزاند، وەکو دامەزراندنی هاوپەیمانێ هاریکاری نێودەوڵەتی لە لەندەن لەساڵی ١٨٩٥.

دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین ڕۆڵی بڵاوبونەوەی تیۆری سۆشیالیستی لە ئەورۆپا لەو سەردەمە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە، لەبەریتانیا لەساڵی ١٧٦٩ یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی نیشتەجێبون دەستی بەکارەکانی کرد، هەر لەو سەردەمە چەندین کۆمەڵەی هەرەوەزی لەو وڵاتە دامەزران، وەک کۆمەڵەی کۆڵبەرانو ڕستنوچنین، بەو شێوەیە سەدان کۆمەڵەی هەرەوەزی دامەزرا لەبەریتانیا، ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە بەوەوە نەوەستان بەڵکو کارگەیان کڕی بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بەهەرزان بفرۆشنو قازانجەکەشی دابەش بکەن بەسەر کرێکارانی کارگەکان. هەروەها هەڵسان بەدانانی سستمێک نوێی هەرەوەزی بەشێوەیەک هەموو پێداویستیە کشتوکاڵیەکانیان بۆ دابین دەکرا، وێڕای ئەوەش هەموو پێویستی ژیانیشیان مسۆگەر کرا.

جگە لەو هەموو چالاکیانە ئەنجامیاندا هەوڵدرا لەچەندین سەنتەری زانستی توێژینەوە بکرێت بۆ گەشەپێدانی جوڵانەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، یەکێک لەوانە دکتۆر ولیام گنج بوو، لەساڵانی نێوان ١٧٨٦- ١٨٦٥ توانی هەموو تیۆرەکانی پراکتیزە بکات.

دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین ئەم کۆمەڵانە لەبەر ڕوشنایی ئامانجەکانیان لەڕووی پێکهاتەوە جیا بوون، لەبەر گرنگی ڕۆڵی ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە لەگەشەپێدانی ئابوری وڵات، حکومەتی بەریتانیا کۆمەڵێک یاساو ڕێنمایی بۆ دەرکردن، هەر لەو سەردەمەدا ڕۆژنامەی تایبەت بەکۆمەڵە هەرەوەزییەکان دەرکراو کۆمەڵەی هەرەوەزی ژنانیش دامەزرا، گرنگی بەپێگەی ژنان دا لەکارگەکانو ڕۆڵی هەبوو لەبەخێوکردنی منداڵاندا، ئەم بەرەو پێشچوونەی بزوتنەوەی هەرەوەزی وایکرد لەسەرەتای سەدەی نۆزدە، یەکەم حزبی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، گەشەکردنی بزوتنەوەی هەرەوەزی ئەڵمانیاشی گرتەوە.

ئەم جۆرە بزوتنەوەیش ڕوسیای لێ بێبەش نەبوو بەشێوەیەک لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم چەندین ڕۆژنامە بڵاوکرایەوە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لەم بوارەدا، لەڕوسیای ئەو سەردەمە چەندێن بیرمەندو کەسانی خاوەن بۆچوونی تایبەت بەم بوارە دەرکەوتنو کاریگەری خۆیان هەبوو لەدامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی هەرەوەزی بەمەبەستی جیا جیا، هەر لەو وڵاتە کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی دامەزرا بەناوی (کۆڵخوز)، ڕۆڵی گەوری هەبوو لەزیادکردنی بەرهەمو بەبازاڕکردنی لەبەرئەوەی سۆڤیەت خاوەن سستمێکی ئابوریی سەنترال بوو، بۆیە حکومەت بەڕاستەوخۆ دەستی هەبوو لەگۆڕانکاری لەسستمی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان.

بەهەمان شێوە لەبوڵگاریا لەساڵی ١٨٩٠ سەرەتای یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی لەهەرێمی سوفیا سەریهەڵدا، لەوڵاتانی عەرەبیش بەدیاریکراوی لەوڵاتی میسر لەسەر دەستی کەسێک بەناوی (عومەر لوتفی) یەکەم کۆمپانیای هەرەوەزی کشتوکاڵی دامەزرا. هەروەها لەوڵاتی سودانیش لەدەیەی دووەمی سەدەی بیست یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی دامەزرا، بەهەمان شێوە سوریاش بێبەش نەبوو لەم جۆرە چالاکییە. هەروەها ئیسرائیل گرنگترین وڵاتی دروستکردنی یەکە هەرەوەزییەکان بووە بەناوی کیبۆتس.

لەعێراقیشدا لەسەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی پێشوو بەشێوەیەکی بەرتەسک لەبواری کشتوکاڵ کۆمەڵەی هەرەوەزی سەریهەڵدا، بەڵام یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاری کە هاتەکایەوەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، دوای دەرچونی یاسای ژمارە ٢٧ لەساڵی ١٩٤٤ بوو، کە تایبەت بوو بەکۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران. لەبەر ڕوشنایی ئەو یاسایە یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی لەناوچەی دۆرەی شاری بەغدا لەساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، کە لەچالاکیەکانی دابینکردنی زەوی بۆ جوتیارانو دروستکردنی چەند پڕۆژەیەکی ئاودێریو دابینکردنی پەینو تۆو هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵو پەلەوەرو هەوڵیاندا خولی هوشیاری بۆ جوتیاران بکەنەوە.

هەرچەندە خەڵکانی تر هەن دەڵێن یەکەم کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاری لەناوچەی دوجیلەی سەر پاریزگای کوت دامەزراوە لەساڵی ١٩٤٧، بەڵام بەداخەوە ئەم دوو هەوڵە سەرینەگرت، هەروەها چەندین هەوڵی تر لەم بوارەدا سەریان نەگرت.

ئەوەی ئاشکرایە تا پێش دەرچونی یاسای ٣٠ی (چاکسازی کشتوکاڵی) ساڵی ١٩٥٨ تەنها ١٦ کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی هەبوون، کە نزیکەی ١٦٣٦ ئەندامیان هەبوو، سەرمایەکەی نەدەگەیشتە ٤٦٠١ دینار کە پێکهاتبوو لە موڵکداری بچوک، زیاتر هەوڵی ئەوەیان دا لەڕێی قەرز لەبانکدا، بتوانن پێداویستی خۆیان دابین بکەن، هەر لەئامێری کشتوکاڵیو پەمپی ئاودێریو پەینو تۆو، بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی کارا سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەرچونی یاسای ٣٠ (چاکسازی کشتوکاڵی) لەساڵی ١٩٥٨، کە لەخاڵەکانی ٣١ تا ٣٥ لەبڕگەی دووەمی یاساکە ئاماژە بەدامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی دەدات بەشێوەیەکی ڕونو ئاشکراو جەخت دەکات لەئەندامبوونی ئەو کەسانە کە سوودمەند دەبن لەم یاسایەو دەبنە خاوەن پارچەیەکی زەوی.

لەمەوە ئەو پەوەندیمان بۆ دەردەکەویت لەنێوان دامەزراندنی یەکێتی گشتی کۆمەڵە هەرەوەزیەکانی جوتیاران لەعێراق (اتحاد العام للجمعیات الفلاحیة التعاونیة في العراق)و دەرچونی یاسای (چاکسازی کشتوکاڵی) ژمارە ٣٠ لەساڵی ١٩٥٨ هەروەها یەکەم کۆنگرەی جوتیاران لە١٥ مانگی چواری ساڵی ١٩٥٩ لەهۆڵی سینەما خیام بەسترا، بەوەش یەکەم هەنگاو نرا بۆ کاری هەرەوەزی لەناو جوتیاران، کە چەلاکیەکانی زیاتر لە ٥٥ ساڵ بەردەوام بوو. بەمەیشەوە کوتایی نەهات بەڵکو چەند یاسایەکی تر دەرچوون بۆ دانانی چوارچێوەی کار بۆ کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، لەوانە یاسای ٧٨ لەساڵی ١٩٥٩و یاسای ١٣٩ لەساڵی ١٩٥٩و یاسای ٤٣ لەساڵی ١٩٧٧، کە لەساڵی ٢٠٠٢ کار بەو یاسایە ڕاگیراو هەر لەو ساڵەدا یاسای ژمارە ٥٦ دەرکرا، بەڵام ڕژێم دوای چوارمانگ لەناوچوو، لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخی عێراق تا ٢٠١١/٤/١٠ کارو چالاکیان ڕاوەستا.

ئەمەی باسمان کرد مێژووی دوورو نزیکی بزوتنەوەی جوتیاریی بوو لەجیهانو عێراق، لێرەدا ئەوەی جێی پرسیارە: ئایا کۆمەڵە هەرەوەزییە جوتیارییەکان ڕۆڵیان هەبوو چ لەجیهان یان لەعێراق؟ ئایا لەداهاتودا پێوستە ڕۆڵی خۆیان ببینن لەبواری کشتوکاڵیو بوارەکانی دیکەدا؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی لایەنە بەرپرسەکانی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆئەوەی گرنگی زیاتر بدەن بەم بابەتە، دەبێت هەوڵبدەین چەندین کۆڕو کوبوونەوە ئەنجامبدەینو ڕاو بۆچونی هەموو لایەک وەربگیرێت تا بتوانین وەڵامێکی ڕاستو دروستمان دەستکەوێت.

بەباشی دەزانم لەبەر ڕوشنایی یاسای (چاکسازی کشتوکاڵی) ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٥٨ چەند تێبینییەکی خۆم بخەمەڕوو، بێگومان ئەو یاسایە کاریگەریو گرنگی خۆی هەبوو لەچەند ڕوویەکەوە، بەتایبەت لەجیاتی ئەوەی زەوی تەنها خاوەندارێتیەکەی بگەڕێتەوە بۆ چەند بنەماڵەیەک لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی، بەدەرچونی ئەم یاسایە سەدان هەزار جوتیار بوونە خاوەن زەوی، لەجیاتی ئەوەی بەنانەسکی لای ئەم بنەماڵانە کار بکەن خۆیان بوونە خاوەن بەری ڕەنجو ماندوبونی خۆیان. ئەو چەند خاڵەی ٣١ تا ٣٥ لەبڕگەی دووی یاساکە کە پەیوەندی هەبوو بەدامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران بەبێ مەبەست دانەنرابوو، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە دانرا بوو، یەکەم کاری هەرەوەزی لەناو جوتیاران پەیڕەو بکرێت، بۆ ئەوەی کاری هەماهەنگی ببێتە جیگرەوەی کاری تاکڕەویی، بەوەش بزوتنەوەی جوتیاری ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ دابینکردنی مافو خواستی جوتیاران. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم یاسایە گەورەترین کەلێنی تێدا بۆ دابەشکردنی زەوی بۆ یەکەی بچوک، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕۆڵیکی نەرێنی هەبوو لەپڕوسەی بەرهەمهینان، هەرچەندە یاساکە هەوڵی دا بەدامەزراندنی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان چارەسەری بکات، بەڵام بەداخەوە ڕۆڵی کاریگەری خۆیان نەبینی، ئەمەش وایکرد نەک زەوی بەو شێوەیەی کە دابەشکرا بمێنێتەوە، بەڵکو دوای ئەوەی خاوەن زەویەکە کۆچیدوایی کرد، یەکەی زەوییەکان دابەشکردەکرا بەسەر نەوەکانی، بەوەش یەکەی زەوی زۆرتر بچوک دەبوەوە، بۆیە ئەوەی بووە خاوەنی لەبەر کەمی ڕوبەرەکەی پشتگوێی خست، بەوەش جۆرێک لەئیفلیجی توشی پڕوسەکە بوو، چونکە کە زەوی ئەوەندە بچوک بووەوە جوتیار ئامادە نییە خزمەتی بکات. ئەمڕۆ یەکێک لەکێشە هەرە گەورەکانی بەردەم کشتوکاڵ لەعێراق بەگشتی ئەمەیە بۆیە دەبێت دیسانەوە بیر لەوە بکەینەوە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان زیندوو بکەینەوەو سوود لەئەزمونی وڵاتان وەربگرین.

> یاسای چاکسازی کشتوکاڵی گەورەترین کەلێنی تێدا بۆ دابەشکردنی زەوی بۆ یەکەی بچوک، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕۆڵیکی نەرێنی هەبوو لەپڕوسەی بەرهەمهینان



دلاوەر عەلی سۆفی

## ڕوو لەکوێ بکەینو بەکێ بڵێین؟

ئەمڕۆ پیسبونی ژینگە بوە بەپرسێکی گرنگ لەنیوەندە جیهانیەکاندا، دەیان کۆنگرەو سمینارو کۆبونەوەی بۆ ئەنجام ئەدرێ، لێکۆڵینەوەی زانستیو ئەکادیمی لەسەر ئەکرێ بۆ پلاندانانو دۆزینەوەی ڕیگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەر یان لانیکەم کەمکردنەوەی پیسبونی ژینگە، ئێمەی کوردیش کە نیشتمانەکەمان کوردستانە بەدەر نییە لەو پیسبونە.

بەهێزترین فاکتەر بۆ ئەم کێشەیە پلاستیکە، ئەوەی جێی سەرنجە حکومەتەکەمان زۆر بێباکە لەو پرسە، سەرەڕای بانگو هاواری زۆرێک لەژینگەدۆستان پسپۆڕانی بواری ژینگەو ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرپرس لەمەترسی هەنوکەییو درێژخایەن، ئەوەی جێگەی پرسیارە بەچەندین ڕێگەو لەچەندین کەناڵەوە پارە لەهاوڵاتیان ئەسەندرێ بەناوی جیاجیاوە.

بۆ نمونە بەناوی ژینگەوە باجێک خراوەتە سەر ساڵانەی ئوتۆمبێل، هەروەها پابەندکردنی خاوەن پرۆژەکان بەسەوز کردنی پانتاییەک، دانانی بڕێک پارەی زۆر لەسەر هاوڵاتیان بۆ کۆکردنەوەی خاشاک، دانانی بڕێک پارە لەسەر سەرپێچیکارانی ژینگە، کە کوێ ئەو پارانە ئەتوانرێ چارەسەری زۆرێک لەکێشەی ژینگەیی بکات، بەڵام کاتێک کە بەوردی بەدوای ئەم پرسەدا بچین ئەبینین نوقمی کەموکوڕییە، گەشتۆتە ئاستێکی ترسناک، هەر لەبەرئەوەشە کە ڕەوایە بپرسین: بۆچی حکومەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ هێندە خەمساردن، کە ئەم پرسە بەرپرسیارێتیەکی مێژوویيو ئەخلاقیشە بەرامبەر بەم نیشتمانەو بەنەوەکانی داهاتوش؟!

کاتێک لەشار دەرئەچین چەندین دیمەنی ناشرین لەکەناری ڕێگە سەرەکیەکان، بەتایبەت مێرگەپان، سیتەک، قەرەداغ ،ئەبینین کە خاشاکێکی زۆری لەکیسەی پلاستیک نراو، کەڵەکە کراوە لەکاتێکدا کە پلاستیک بۆخۆی یەکێکە لەفاکتەرەکانی پیسبونی ژینگە، بوە بەسەرچاوەیەکی گەورەی مێشو مەگەزو مێروو، جۆرەها بەکتریاو ڤایرۆسی زیانبەخش.

هەروەها زیاد بونی ئاژەڵی بێخاوەن، لەکاتێکدا ئەو ناوچانە کۆکردنەوەی خاشاکەکەی تەندەرینی بۆ کراوە، بەڵێندەری تایبەتی هەیە کە بەپێی ئەو مەرجانەی بۆی دیاریکراوە ئەبێت ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەی بۆ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت؟

لێرەوە جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا بەرپرسان بەو ڕێگایانەدا تێناپەڕن؟ یان کارمەندانی دەستەی ژینگەی بەڕێز ڕێیان ناکەوێتە ئەو ناوچانە؟ لای هاوڵاتی ڕون نیە ئەم پرسە کێ لێی بەرپرسە، شارەوانیەکان؟ پارێزگا؟ قایمقامیەتەکان؟ یاخود بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکان؟

کوردستانەکەی ئێمە ڕوبەرەکەی زۆر گەورە نیە ئەگەر دڵسۆزانە نەیپارێزین بەماوەیەکی کورت ئەبێتە حاویەیەکی گەورەی خاشاکو لەکۆنترۆڵ دەرئەچێت، هەربۆیە هاوڵاتی مافی خۆیەتی بپرسێت: بۆچی بڕیارێک درا بۆ نەهێشتنی کیسەی پلاستیکی بۆ نانەواخانەکانو خواردنە گەرمەکان، بەڵام ئەو بڕیارە لەئێستادا کاڵ بوەتەوە کاری پێناکرێو کەس پابەند نیە پێوەی؟!

بۆچی لەکاتێکدا ساڵانەی ئوتۆمبێل نوێ ئەکرێتەوە لەمەرجەکانی توندوتۆڵیدا گرنگی نادرێ بەدوکەڵ کێشو ڕادەی دوکەڵی بزوێنەرەکان بەتایبەت ئەو بزوێنەرانەی بەسوتەمەنی دیزڵ کاردەکەن؟!

ئەمانە نمونەیەکی کەمن لەهۆکارەکانی پیسبونی ژینگەو چەندین هۆکاری تریش، هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن خۆی نادات لەو پرسە کە لای هاوڵاتی بوە بەپرسیارێکی گوماناوی.

لەکۆتاییدا واجارێکی تریش لایەنە بەرپرسیارەکانی لێئاگادار ئەکەینەوەو بەمافی خۆمانی ئەزانین بپرسینو بڵێین: ڕوو لەکوێ بکەین؟ بەکێ بڵێین؟

خاوەنی ئیمتیاز
ژووری بازرگانیو
پیشەسازی سلێمانی

سەرنوسەر
ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

جێگری سەرنوسەر
دلاوەر عەلی سۆفی

بەڕێوەبەری نووسین
یاسین ڕەحیم فەرەج

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی
سەردار محەمەد

دیزاین
عادل عومەر

# بەتامترین فستیڤاڵ، فستیڤاڵی تام



دوومین فیستیڤاڵی تام لەهەواری شاری سلێمانی، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو، بە بەشداری چەندین کۆمپانیای دروستکردنی خواردنو بە بەشداری خانمە دەستڕەنگینەکانی کوردستان، کە بەکارە دەستییە جوانەکانیانو خواردنە خۆشە کوردەوارییەکانیان فستیڤاڵەکەیان جوانترو بەتامتر کردبوو.


















ریکلام

سلێمانی داهاتووی ژینگەی عێراقە

پرۆژەی نیشتەجێبوونی گراند بوڵیڤارد، لە جوانترین و پاکترین شاری عێراقدایە، پرۆژەیەکە لە دڵی سلێمانیدایە.
گراند بوڵیڤارد بە باشترین شوێن، زۆرترین سەوزایی، بەرزترین کواڵیتی سەردەمیانە بە ناوبانگ دەبێت، فرسەتێك یەکجار ڕوودەدات.
لە گراند بوڵیڤارد نزیکتری لە هەموو شوێنێك.

السليمانية، مستقبل البيئة العراق

يقع مشروع گراند بوڵيڤارد في أجمل و أنظف مدينة في العراق، و يكون في قلب السليمانية. ستشتهر گراند بوڵيڤارد بأفضل موقع، اكثر المساحات الخضراء، أعلى مستويات الجودة في التفاصيل. فرصة العمر و لمرة واحدة.
گراند بوڵيڤارد انت أقرب من أي مكان آخر.

+964 770 727 7070

www.grandblvd.org
@GrandblvdNergis

ناونیشان
چوار ڕیانی سەرچنار
تەنیشت دادگای سلێمانی




گراند بوڵیڤارد
پارکی نێرگز

پەلە بکە و جوانترین بەدەست بێنە

بە قیستی 5 ساڵ

%75 Green Area
٪٧٥ باخ و سەوزایی

Climate Control
سیستەمی ساردی و گەرمی

Thermal Insulation Technology
عەزلی گەرما و سەرما

Sound Insulation
عەزلی دەنگ

Fresh Air Recovery
سیستەمی پاکژکردنەوەی هەوا

Water Filtration
فیلتەرکردنی ئاو

Central LPG System
سیستەمی غازی مەرکەزی